# من هەبم یاخود نا..
# ئەمەیە مەهزەلەکە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

تەرزە جاف

# من هەبم یاخود نا..
# ئەمەیە مەهزەلەکە

شیعر

پێشکێشە بە:

چاوە دەنکە ترێییەکانی تۆ تنۆک گیان

ناوی کتێب: من هەبم یاخود نا.. ئەمەیە مەهزەلەکە – شیعر
شیعری: تەرزە جاف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٣٣
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری + تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم – ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٥٥٥ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

ناوەڕۆک


هێڵەکێک حورمەت ........ 7
ئاوێنە ........ 8
فریشتەیەکی سەرگەردان ........ 9
دوو ـ ڕوو ........ 18
سی ساڵی ........ 21
کووژەکە ........ 37
ڕووت... ........ 39
لە مێژوو نزیکتر لە ئەمڕۆ کۆنتر ........ 41
ک ........ 61
١ + ١ ... دەکاتە هیچ ........ 63
تەرزە ........ 64
سەوزبوون ........ 65
نیشتمانی ئاوارەیی ........ 67
کاف وەکو کۆڕەو تێ وەکو تاک – ڕەو ........ 71
نەوت ........ 74
چاویلکە ........ 77
ڕووخانی ژنێک لە ناو ئاوێنەدا ........ 78
بەیاننامەیەک ........ 80
ئێوارەیەکی نارنجی گۆرانییەک بۆ ئاگر دەچڕم ........ 81
شەو ........ 84
مۆر ........ 86
وەسوەسە ........ 92
ماچباران ........ 93

کچی سێو ........ 94
خــەون ........ 98
بۆنی قەیسی لە خوێنت دێت.. ........ 102
دراکـۆلا ........ 105
بـاربــی ........ 107
دوعـا ........ 110
سیانەی داڕووخانی دەرگەکان ........ 114
ژنە بێ ناموسەکان ........ 116
تەسلیمبوون ........ 120
سەفەری نۆ مانگ ........ 122
کــابووس ........ 123
جوانترین ........ 124
مەدام سیمۆنا ........ 126
خەنجەر ........ 131
زریزەی زارا ........ 133
ماسی ........ 136
دڵپیسی ........ 138
نهێنییەکانی ژنایەتی ........ 139
شیعری ئەلکترۆنی ........ 142
شەونوێژ ........ 143

# هێڵەکێک حورمەت

دەڵێن بەختی دایک جیازی کچە
تەنکە گیان
بەختی من
بوخچەیەک بە کۆڵی تۆوە
تا ئیرادەت بڕ دەکات
هەر ڕۆژەی
کراسێ، فرمێسکێ، لەچکێ، ترسێ،
هەر ساتەی
بێدەنگبوونێکم لە غەدر
بەکۆیلەبوونێ
لە بوخچەکەوە
گەردەن ئازاد
تا دەستت بڕ دەکات تووڕی هەڵدە!
تا ئیتر وەک با
بێ جیازی
ئازاد و جوان
چڵ چڵ گەڵا
دانە دانە گۆرانی دەردەکەیت

## ئاوێنە

ئەمڕۆ کراسی فریشتە لەبەر مەکە و
خۆت بە
بزانە ئەو مرۆڤانە چەند خۆش رادەبوێرن.

## فریشتەیەکی سەرگەردان

دایکم فریشتەیەکی سەرگەردان
بە سەفەرێکی زۆر کورت ڕێی کەوتە ئەم جەنگەڵستانە
لەماڵی ئێمە نیشتەوە

دایکم ئەوەندە منی خۆش دەویست
لەگەڵ یەکەم نەرمەلەرزەی کچێنیمدا
کەوتە سەر دوورینی (بەتانە)
بۆ پەڕپەڕەی کراس و تەنوورەکانم
بۆ ئەتەکەکانم

من لەو رۆژەوە
ترسنۆک شانەکانم
سڵۆک قاچەکانم
نیگاکانیشم تا دێن ترسنۆکتر

ئەوەندە لە خەمی من بوو دایکم
لەگەڵ ترپەی یەکەم هەنگاو بەدوای لەنجەکانم
قژمی تاوانبار دەکرد
حوکمی بەستن و بڕین و داپۆشینی بە سەردادان
لەو ڕۆژەوە
تاڵەکانم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ
بەرەو لاوازی
کەزییەکانم بەرەو باریکبوونەوە
تیشکە زەردەکانیشیان بەرەو کوژانەوە سەرهەڵدەگرن

ئەوەندە دڵی لەسەرمە دایکم
تەنانەت لەو کۆنە گۆڤار و کتێبانەش دەترسا
کە لە وێنەکانیانەوە
دەرگا قفڵدراوەکانم واڵا دەکرد و
لەگەڵ ڕەشایەتیی وشەکانیشیان وەک باڵندە خۆم ئازاد دەکرد.
ئەو بەڕۆژ لاپەڕەکانی دەپشکنی
وێنەکانی لەتوپەت دەکرد
وشەکانیشی لە تاریکاییی مرەکەب وەردەدا
بە شەویش گڵۆپەکانی خامۆش دەکرد

من لەو کاتەوە چاوم تاریک
زەینم کوێر
دڵیشم تا دێت توندتر دەبێت

فریشتەیەکی سەرگەردان
بە سەفەرێکی زۆر کورت ڕێی کەوتە ئەم خەراباتە دایکم

ئەوەندە دەترسا لەسەرم دایکم
هەر زوو منی تێ گەیاند
کە سەربڕینی من
لە سەربڕینی ئەو بەرخانە ئاسانترە
کە دوو جەژن جارێک لە ماڵی ئێمە بێ گوناه خوێنیان دەڕژا
قەزا و بەڵای خۆمان لە ملی دەستەوسانیی ئەوان دەئاڵاند
منیش دەکرێت ببم بە قوربانی بۆ ئەو گوناحانەی جورئەتم نەدەکرد تەنانەت بیریشیان لێ بکەمەوە
ئەو یاسایانەی لە هیچ کتێبێکدا نەبوون.

ئەوەندە دڵی لام بوو دایکم
سانسۆری دەخستە سەر دەفتەری یادگارییەکانم
هەموو ناوە خوازراوەکانی ناو چیرۆکە بچووکەکانمی شی دەکردەوە
ڕازی تەنانەت لە نووکی قەڵەمەکەشمدا دەخوێندەوە
من لەو زەمانەوە
پیتەکانم تێکشکاو
وشەکانم لێڵ
دەفتەرەکانیشم تا دێن سپیتر دەچنەوە.

له کاتی لایلایەدا دایکم
دەیتوانی هەموو خونچە خەونەکانم ئاڵوگۆڕ
گوێی لە هەموو وڕێنەکانم
هەموو هەناسەکانمی لێک دەدایەوە
دەرهێنەرێکی زیرەک
تەنانەت پاڵەوانی خەونەکانیشمی دەگۆڕی
لەوساوە تا ئێستا
خەونەکانم دەبنە ئەو پەیژەیەی
هەرگیز ناتوانم خۆمیان پێدا بگەیەنمە هیچ ئاراميیەک
نووستنیشم بە وێنەی شووشەیەکی شکاو و شەکەت.

فریشتەیەکی سەرگەردان
بە سەفەرێکی زۆر کورت ڕێی کەوتە ئەم جەنگەڵستانە دایکم
لە ماڵی ئێمە نیشتەوە
لەگەڵ یەکەمین درەوشانەوەمدا
قەمسەڵە چەرمەکەی لە بەرم داکەند
چاکەتێکی خوریی دامێ

ئەوەندە خۆشی دەویستم دایکم
نەیهێشت هیچ هەناسەیەکم لە حەوشی ماڵەکەمان دوورتر بڕوات
نەیهێشت
بە پیر هاواری هیچ
زریکەیەکی
تەلەفۆنەوە بچم
هەرگیز
نەیهێشت یادگارییەکانم ببەخشمە هیچ سپیاتییەک
نەیهێشت دۆلابە بچکۆلەکەم بکەمە حەشارگە
بۆ هیچ وێنەیەکی راغب عەلامە
چیرۆکەکانی بیر بردمەوە دایکم
زەندەقی بردم لە کچێنیی خۆم.

فریشتەیەکی سەرگەردان، دایکم
منی خۆش دەویست بەڵام
بەرگەی ئێرەی نەگرت
زوو کۆچی کرد
منی لەگەڵ تەنیاییی خۆم بەجێ هێشت
بەرانبەر لاپەڕە دێزەکان
بەدیار تاڵە پرچە سیسەکان
لە تەنیشت ئەو پانتۆڵ و قەمسەڵانەی چی تر بە بەرم ناکەن
لەگەڵ ئەو رەسمانەی باویان نەما
دوای کۆچیشی
ئەمڕۆش وەک ئەوسا
قەڵەمەکەم هەردەم سڵۆک
وشەکانم هەترەشچوو
خەونەکانم تاساو
دەنگیشم:
زەلیل.

ئەمێستاش ئەمەتا
خۆم
فریشتەیەکی سەرگەردان
بە هەڵە ڕێگەم کەوتە ئەم جەنگەڵستانە
لەم ماڵە خنجیلەیەدا نیشتمەوە
کچۆڵەیەکی وردیلە ڕادەژەنم
لایلایەی بۆ دەکەم
خۆشم دەوێت
خەمی دەخۆم..

فریشتەیەکی سەرگەردانم
من.

## دوو - ڕوو

١

له گەڕەکی تەعجیل،
پیرێژنێکی دراوسێی ماڵی خەزووری دراوسێکەمان
له دانیشتنێکی بەردەرگادا
بەدەم ترووکاندنی گوڵەبەڕۆژەوە وتبووی:
ژن چووزانێ شیعر بنووسێ"
پیاوەکەی بۆی دەنووسێتەوە ".
شاعیرێکیش له "مەچکۆ " به دەم جگەرەکێشانەوە هەمان قسەی کردبوو.
ئەوەی یەکەمیان قسە و قسەڵۆکی ژنانە و
دووەمیشیان گفتوگۆیەکی رۆشنبیرییە.

٢

لە گەڕەکی باداوە،

خەسوویەک بەدەم برنج بژاردنەوە وتبووی:

"ژن تەنیا بۆ مەتبەخ و ژووری نووستن باشن "

ئەدیبێکیش لە دەزگایەکی ڕۆشنبیری، هەمان قسەی کردبوو.

ئەوەی یەکەمیان حەسوودیی ماڵە خەزوورانە

دووەمیشیان بۆچوونێکی فەلسەفییە.

٣

لە مەنتکاوە دایکێک بە کچە قوتابییەکەی دەڵێت:

ژن شەهادەی بۆ چییە؟

مێرد و منداڵ ماجستێر و دکتۆرای ژنن.

مامۆستایەکی زانکۆش هەمان قسەی کردبوو.

ئەوەی یەکەمیان دیسان قسەی ژنێکی نەخوێندەوارە

دووەمیشیان زانستە مرۆڤایەتییەکانە.

هەموو ڕۆژێک ژنە نەخوێندەوارەکان لە پێش دەرگای ماڵەکانیان

پیاوە ڕۆشنبیرەکانیش لە چایخانە و دەزگا ڕۆشنبیرییەکان و نادییەکان،

کۆ دەبنەوە و قسە دەکەن.

ئەوەی یەکەمیان "قسە و قسەلۆکە" و

ئەوی تریش رۆشنبیری و.. داهێنانە.

# سی ساڵی

دەنگی رۆحمە و پێم دەڵێ:
"جەژنی لەدایکبوونت پیرۆز".

ئەو دەڵێ:
«(سی ساڵی) خۆشترین کاتی تەمەنە
هەرەتی ئاڵی و جوانیی تۆیە.»
منیش هێشتا تێ ناگەم
بۆچی ماڵە باجێنەکەم بە هەڵەداوان گەیاندە
ترسە دووکەڵاوییەکانی ژێرزەمین.

کوێرا ساڵ تێ پەری!
من لە یەک چاونووقاندا
هەموو کراسەکانم کورت بوونەوە
هەموو کاوبۆکانم تەسک
بە یەک هەناسە سی ساڵم بەرێ کرد:
سی ساڵ ترس
پرسیار
سی ساڵ لە شەڕ.

سی ساڵ جوانییە بازنەیییەکانم
لە ناو تەلبەنددا
بە سەر بێدەنگیدا
شیعاراتە درۆزنەکانەوە خەڵتانی خوێن. بە دیار
هێندە پرسیارەکانی خۆمم قووت دایەوە
هەتا بوومە پارچەیەک پرسیار و
بێ وەڵام جێ مام.

سی ساڵی چی؟!
هەر دوێنێ بوو
لە شەوێکی بێ کارەبادا باوکم رادیۆکەی لە پەنا گوێدا
بە دایکمی وت: "وا عێراق شەڕی ڕاگەیاند دژی ئێران".
ئەو کاتە من بە هەمووی دوو جار قەشقۆڵیم نەدیبوو.

ئەو شەوە خەونێکم بینی:

(لەسەر بەرزاییەک جێ دەمێنم

بەردەکان دەڕمێن

قادرمەکان دەشکێن

منیش لەسەر بەردێکی شکاو هیچ ڕێگایەکم نییە بۆ دەربازبوون ).

لەو ساتەوە وێنەکانی "صور من المعركة" هێشتاش هەر چاوەکانم دەکزێننەوە.

خۆ من ئەوسا نەمدەزانی ئەو لاشە ڕەشەوەبووانە

هەموویان باوک و مێرد و کوڕ و عاشقەکانن.

من هێشتا هەڵماقۆکەم تەواو نەکردبوو
کاتێک دایکم ڕاپێچی بن قادرمەکانی کردم و وتی:
توند توند گوێت بگرە.

خۆ من ئەو کاتانەی لە ژێر قادرمەکاندا پەنجەم لە گوێم قایم دەکرد
نەمدەزانی منداڵی هاوتەمەنی من
گۆرانی دەڵێن و ناترسن
بالە دەکەن و ناترسن
سواری پاسکیل..

کێ بوو منی فێری ئەو ترس و لەرزە کرد؟
چ کابووسێک منی دایە دەست ئەو بێدەنگی و پیش خواردنەوەیە؟

بۆردمان سامێک
وەک دانکێشان
وەک ترسی میز بەخۆداکردنی شەوان.
چەند ساتێک بوو دەبڕایەوە
دایکم دوای تەواوبوونی بۆردمان دەیگوت:
"کچی من لە هەموو ژنی گەڕەک ئازاترە".
ئێستاش نازانم ئەو هەڵماقۆیەم کەی تەواو کرد؟

دەنگی رۆحمە و پێم دەڵێ:

"جەژنی لەدایکبوونت پیرۆز".

ئەو دەڵێ:

«(سیساڵی) خۆشترین کاتی تەمەنە

هەرەتی ئاڵی و جوانیی تۆیە»؛

منیش هێشتا تێ ناگەم

بۆچی قەت نەمتوانی سواری پاسکیل بم

بۆچی نەمتوانی سەما بکەم

بۆچی دەبووایە بڵێم "حفظه الله"؟

من هەموو ژیانم چاوەڕێی ڕەزامەندییەکانی باوکم بووم
باوکیشم، بە دیار تەلەڤزیۆنەوە،
رادیۆیەک بەگوێیەوە چاوەڕێی وەستانی شەڕ.
نە شەڕ وەستا
نە هیچ حەزێکی منیش هاتە دی.

من لەگەڵ گۆرانییەکانی مادۆنا
حەزم دەکرد گێتەر بکەمە دەستم و.. نەمکرد.
لەگەڵ دەنگی راغب عەلامە حەزم دەکرد سەما بکەم و.. نەمکرد
لەگەڵ فیلمەکانی تاتلیساز بگریم و.. نەگریام.
خۆ ئەو کاتەش یەک کەناڵی کوردی هەبوو ئەویش دەیگوت:
"زێڕە
سەدام زێڕە"

من بێ تاوان لە جوانییەکانی تەمەنم دەرکرام.
من ئەو لوورە لوورەی ئینزارم لە دەنگی حەمە جەزا و عومەر دزەیی باشتر لە بیرە
من هەموو تەمەنم سیزیف ئاسا تەنیا سەرقاڵی دوو شت بووم:
چاوشارکێکردن لەگەڵ شەڕ و
حەیا کۆکردنەوە.

مـن بۆچـی نـەمکرد ڕۆژێک داخـی دڵم بە پـەرداخــــێک یان هیـچ نـەبێت بـە پیاڵەیەک هەڵبرێژم.

باوکم لە تاو شاردنەوەی وێنەی "موخەریبەکان"
بیری نەبوو وێنە حەشەرییەکانی کتێبخانەکە بژار بکات
لە تاو شاردنەوەی کتێبە بەرگ سوورە شیوعییەکان
بیری نەبوو کتێبە خوتووکە دەرەکانی ئەلبرتۆ مۆرافیا و ئەرسکین کالدوێل
لە دوازدە ساڵیی من بشارێتەوە
من فریای هیچ نەکەوتم و هیچ پرسیارێکم نەکرد
هەموو سەرسوڕمانەکانم هەڵگرت و
لە چاونووقانێکدا بوومە سی ساڵ.

تۆقـینم لە تـەمـاعی رەنگە عـەسکەریـیـەکـان بـۆ چەکـەرەی کـچـێنیـم چەند درێژترە
لە مێژووی بووکەشووشە و بەردی هەڵماقۆکانم.
تەمەنی تەماعە ڕەشە پۆستاڵ لە پێکان چەند درێژترە
لە تەمەنی نیگا باریکەلە لیڤێکس بە دەستەکان.
یادگارییەکانی مەنع تەجەول و تەقوتۆقی شەوان چەند چاوقایمترن
لە سێبەرە لێڵەکانی قەشقۆڵی و سەرچنار.

هەڵەبجە زووخاو لە هەناسەکانی وەردران و
من گوێم لە نەنکم بوو لەسەر بەرماڵ دوعای لە پێشمەرگە دەکرد
من چەند پرسیارم لێ بکردایە ئەو زیاتر سنگی خۆی دەکوتی
منیش پرسیار زیاتر مێشکی دەخواردم.

تا لە خەونی شەڕێک خەبەرم دەبووەوە
کابووسی شەڕێکی تر سواری ملی لاسکەگیام دەبوو.

عێراق کوێتی گرت و شەڕ!

من هەمدیس هەر هەمان خەون:

"لە سەر بەرزاییەک جێ دەمێنم

بەردەکان دەڕمێن

قادرمەکان دەشکێن

منیش لەسەر بەردێکی شکاو هیچ ڕێگایەکم نییە بۆ دەربازبوون".

شەڕ..

شەڕ وەکو قەحپەیەکی دۆڕاو خۆی بەسەر نازنازەکانی باغچەکەی ئێمەدا ساغ کردەوە.

"من لە تانە و زنجیر و دار باکم نییە

لەت لەتم کەن..

بمکوژن..

هێشتا ئەڵێم کوردم ئەمن..."

ڕاپەڕین پێشمەرگەیەک جامانەکەی بە سەروگوێلاکیەوە
بە تاقی تەنیا، چاو پڕ گومان، پەلاماری دیواربەندەکەی سەدامی دا
پیاوێک بوو لە هەموو پیاوی ئەفسانەکان جوانتر
لە "ڕەحمەت".. بەڕەحمتر.
من حەزم دەکرد بچم هیچ نەبێت لەگەڵ ئەو بەردێک بکێشم بە رەسمەکەدا..
بەڵام نەچووم.

ڕاپەڕین واتە:
کچێکی هەژدە ساڵ بەجلی کوردی و سووراوێکی پەمەییەوە، لە ڤینۆس جوانتر،
لە سەهۆڵەکە پیاسە بکات و نەشترسێت.
ڕاپەڕین واتە:
باوکم لە خۆشیی گرتنەوەی کەرکووک
خاولیە چەورەکەی مەتبەخ بکاتە دەسرِی سەرچۆپی و
لە دەوری مێزی نانخواردن بە تەنیا هەڵپەڕێ.

کۆڕەویش واتە:
دیسان
شەڕی
هەموو دەفتەری بیرەوەرییە باڵق نەبووەکانم سووتاندن.

"ئای لە گەلاوێژ.. بە چاو شەڕ دەکات.."
خۆشترین گۆرانییەکانی ڕۆژانی "پەرلەمان" بوو.

شەڕێکی تر لە ناکاو، شەڕی براکوژی
بە سەعادەت و جەلالەتەوە
ئێوارەیەک هاتە سەر مێزی نانخواردنمان
شەڕ هاتە حەوشە
شەڕ هاتە ژووری نووستن
شەڕ تەنانەت هاتە ناو حەمام و توالێتەکان
شەڕ بووە دەست و پێ و زمانمان
شەڕ لە جیاتی مێردەکان ڕەنگی کراس و لەچکی هەڵدەبژارد
شەڕ لە جیاتی کوڕەکان داوای ماچی لە کچەکان دەکرد
شەڕ لە جیاتی کچەکان کوڕەکانی ئیغرا دەکرد.
شەڕ "سەڵاح هەورامی" کوشت و لە جیاتی ئەو هاتە هۆڵی موحازەرەوە.

مامۆستاکان، مەلاکان، شاعیرەکان
چەکیان هەڵگرت و تەنانەت ژنە میهرەبان و کچە شاعیرەکانیش
لە باوەشی چەکدارەکاندا "خەباتی ژێرزەمینیان دەکرد".

شەڕ لە تەعزێی دایکما لە سەیتەرەکان دەیویست
دڵنیا بێت کە جلی ڕەشم بۆ شەهیدێک لەبەرا نییە!

شەڕ ڕاوەستا و ماڵە باجێنەکەم لە گەڕەکە دوورەدەستەکەمدا لێ بەجێما.
بەردی هەڵماقۆکانیشم لە حەوشەیەکی پڕ قاوغە فیشەکدا.
بەڵام حەز و ئاواتەکانم.. مانەوە:
وەک وڕکی منداڵێک لە ساتێکی موستەحیلدا.

تۆش!
ئەی پڵینگە چاو هەنگوینییە بەژن شاخەکەم!
ماکیاج و بۆن و بەرامەکان ببەوە و تێر گۆرانییەکانتم بۆ بڵێ
کۆستەمە یەخە ئوتووکراوە خاکییەکانت ببەوە و
کراسێکی کرێشەی پڕ لە گوڵ و باڵندە و هەنارم لەبەرکە.
زێڕەکانت ببەوە و
دەرگایەکم بدەرێ..

# کووژەکە

جگەرەکەت خامۆش کە
پایز وشەی تێ پەڕاند و
ئێمەی نەگەیاندە تامی کەناری ئەو ڕۆژانەی
بە بەرچاومانەوە
وەک سێو دەگەیین.

سێو تەپ تەپ لە درەختی تەمەنمانەوە بەردەبنەوە سەر تەنیایی
ئێمەش تامەزرۆ، گەوزاوی ناو غرووری خۆمان
فریای تامکردنی هیچ یەکێکیان ناکەوین.

تۆ بەم شەختە بەفرییەت چەند لە تووڕەیی دەچیت
منیش وەک "کچە شقارتەفرۆشەکە "
دانە دانە دەنکەکانم دەدەمە دەم ئەم کزەبایەت
لە دواییشدا پێش ئەوەی هاوین زەفەرت پێ ببا
من، بە تۆ.. ڕەق دەبمەوە.

دە جگەرەکەت خامۆش کە
واز لەم باڵەفڕکێیە بێنە
کووژەکەیەکی شین باوەش بە ملی لاسکەگیامدا بکە
لەم درزە میهرەبانەی سینەدا تێکەڵ بە بۆنی من بە
منیش بە کراسێکی کرێشە
لە چاوانت دەشارمەوە و
بریسکەبارانت دەکەم
یانیش ببە تیشکی ئایەتەلکورسییەک و
تاڤگەی سەبووری بە بەژنمدا بڕژێ
خۆ هەر نا
لاولاوێک بە،
گرێکوێرە تێم بئاڵێ
شمشێرەکەی ئارسەر ئاسا
بۆ تا ئەبەد لە من بچەقێ
ئەی پیاوی موقەددەر
چی تر لەم دەرگایانە مەچۆ دەرەوە
نەبا وەک ئۆدیسیۆس
رێگەی ماڵت لێ بزر بێ.

جگەرەکەت خامۆش کە
بە فەرمانی من، وەرە
لەم دەشت و لەم کۆیە تاوێک سکوونەت کە.

## ڕووت...

من لە کراسێک دەگەڕێم
پڕ بەباڵای جوانییەکانم
وەک داڕژانی تاڤگەیەک ڕەنگین
بەسەر گردوگۆڵە پاکیزەکانمدا.

من لە کراسێک دەگەڕێم
باڵندە بیڕازێنێتەوە
بە بۆنی گوڵ بیپرژێنم
نەترسم شەڕواڵێکی بێ نوێژ قاچەکانم تێزابرێژ بکات.
من لە کراسێک دەگەڕێم
میهرەبانی، ئەو دۆندرمەیەم لێ نەکاتە قوزەلقورت
کە لە چاوی شەقامەوە
لە " نەزەر " نزیکترە وەک لە شیر.

من گەرمامە
عارەق بن باڵەکانم دەڕژێنێتەوە..
کراسێک من رزگار دەکات
بای باڵم با و
لەوە نەترسم چرپەیەکی دزێو بە جوانیما بڕشێتەوە

کراسێک
دان بە بوونمدا بنێت و
دەگمەنیم لە "تاقەپەراسوویەک"دا بچووک نەکاتەوە.

من لە کراسێک دەگەڕێم
جوانیم بە (عەورەت) تاوانبار نەکا
پەتی زینا لە ملم نەئاڵێنێ و
چی تر لە هەناسەی نەوت و گڕم لوول نەدا
کاسم نەکا بەبۆنی مەرگ.

من لە کونی ژوورەوە سپی هەڵدەگەڕێم و
خوێنم دەتەزێ
لە کراسێک دەگەڕێم
ماچی تاڵە ئازادەکانی قژم لە خۆرەتاو
حەڵاڵ بکات.

## لە مێژوو نزیکتر لە ئەمڕۆ کۆنتر

کێ بە بیری دێت لە کەیەوە
لە تاو ئەم پێیانەم دەناڵێنم من.
لە کەیەوە هەرگیز ناتوانم هیچ شەوێک ئارام بنووم:
لە گەرمەی خەودا تا بەرەبەیان قاچەکانم دەناڵێنن
خۆشەویستەکەم بێزار دەکەن.

ئازاری پێیەکانم
لە حەکایەتەکانی گەرمیان دوورتر
لە ئەنفالی بارزان تۆقێنتر
لە هەڵەبجە سامناکتر
چیرۆکێک
تا خەیاڵ حەز بکا دوور
تا مێژوو بڕ بکا لێڵ
کەچی ئەمەتا لێرە، لە تەنیشت خۆمەوە
سەمای ژانی پێیەکانم خۆشەویستەکەم بێزار دەکات.

لەوەتەی هەم
قاچەکانم مێژووی ژنبوونی منن
کوردبوونی منن
لەوەتەی هەم دەزانم
چەند ئاستەمە ژنبوون و
کوردبوون پێکەوە.

وێنەکان
دەمێک لێڵ و دەمێک ڕوون
وەک فیلمێکی پچڕپچڕ کۆن
وەک کەسەری دڵی ژنێک کۆرپە مردوو
دڵۆپ دڵۆپ پێڵووە لێڵەکانم تەڕ دەکەن
حەکایەتی سامناکی ئەنفال دەپرژێننە گیانی ماندوومەوە.

ژیانێکی تر
دوور لە ئەمڕۆ
دوور لە زرنگەی زەنگی قوتابخانە
زەمانێک
دەنگی "الله أكبر" بە شاخەکاندا سەرنەکەوتبوو هێشتا
دوور لە کاوبۆ و کلیک و دووکەڵ و جادە
دوور لەم منەی ئێستا هەم
کەچی نزیک
تا مێژووی ئەنفال و
تا کوردبوون و ژنبوونی من درکی پێ بکەن نزیک
وەک تامی تفتی دەنکە زەیتوونێکی ڕەش
لە بێ ئاگاییەوە ناو دڵم تاڵ دادەهێنن.

زەمانێک کوردبوونم لە پێیەکانمەوە بەبیر دەهێنێتەوە

زەمانێکی سەوز

لەوێ، لە دوور

هەموو شتێک رەنگاورەنگ دەچێتەوە

ڕەنگی ڕەشمالی بە گوڵینگە رازاوەی ئێمەش لە هەموو شتێک ڕەنگاوڕەنگتر

کچەکان وەک کێبڕکێ لەگەڵ سروشتدا

زەرد و سوور  مۆر و سەوز

لەگەڵ گەیشتنی دەستە رووناکە هەڵایسەوەکانی ئاگر

ئاوێنەی ڕەنگاوڕەنگ ئاسا لەوێ دەبریسکێنەوە

خوڕەی ئاو چەشنی مۆسیقایەکی نەرم

مچوڕکی فێنک بە رۆحدا دێنێ.

منیش لە دوورەوە

چەشنی خەونێکی هەنارڕەنگ

کچە رەوەندێکی شۆخ

سبەینان لەگەڵ یەکەمین تیشکی خۆر سوجدە بۆ رووناکی ببا

دەسپێرمە ئەو رووناکی و سەوزاییيانە جوانییەکانم.

کچە ڕەوەندێکی پڕ ئەفسانە
قژم بەسەر پشتمدا بە کەزییەکی شل و قورس
سەما دەکەم لەگەڵ جریوەی چۆلەکە
بەری داران دەڕنمەوە لەگەڵ سمۆرە
مەلە دەکەم لەگەڵ ڕەنگی ماسی
پێ بەپێی بەرخەکانم تا سەوزترین بەرزاییەکان.
یادەوەریی پێیەکانم بەرەو لای ئەو کچە ڕەوەندە شۆخەم دەبەن
یادگارییەکانی ژیانێکی ترم دێننەوە بیر.
یادەوەرییە دێرینەکانی پێیەکانم ڕاپێچ
بە دوایان دەکەوم.
بیرم دێتەوە ئەوە منم
خوشکێکی تاقانەی شەش برا
ئاشنا بە گوڵ و سەوزایی و شاخ
بە دەوری ئاگردا سەما
هێشتاش ئەو دەنگانەم دێنەوە گوێ کە سەرمەستیان دەکردین شەوان.

کراسێکی هەناررەنگم لەبەر
جارجار لە پێی منداڵەکان گیر دەبوون فەقیانەکانم
دڵخۆش بە دەوری ئاگرەکەدا سەما.
من و دەستەخوشکەکانم
بەو هەموو رەنگ و بریسکانەوە
پێبەپێی یەک لەگەڵ نەزمی سەما
وەک ئاڵایەکی شەکاوە
پڕ بەو ناوە قریوەی پێکەنینمان.
پێیەکانم دەکێشم بە زەویدا

لەشم سووک هەڵدەپەڕم
شەوێکی بریسکەداری درەنگە
کە من تەنیا تاقە بریسکەیەکم لە پرشنگەکانی.
بە کراسێکی هەنارڕەنگ
ئەو بنارشاخە دەهێنمە سەما
کەزییەکانیشم باڵندە ئاسا بەئاسماندا دەفڕن
بێ ئەوەی دوور بکەونەوە خۆیان بە پشتمدا دەدەنەوە،
لەگەڵ من مەست بەو ئاگر و مۆسیقایە سەما
گەنجەکانیش

هەندێکیان خۆیان تێکەڵ بە سەمای ئێمە
هەندێکیشیان
خەریکی سووڕاندنەوەی ئەو گۆشتانەی ئاگر لە بنیان.
خۆم دەبینم
پێیەکانم لە ناو کەوشێکی سووکەڵەی چەرم
باوکم لەگەڵ چەند پیاوێکی گوند – لە نزیک ئاگر
دایکیشم لەگەڵ ژنەکانی تر نزیک ئەوان
جارجار تێکەڵ یەکتر دەکەن قسەکانیان
بە سیحرێکی دایکانەوە لە من دەڕوانن چاوەکانی
خاون ئێستا پێیەکانم
خاو هێندەی تەزووی ئەو سەمای شەوە
خاو هێندەی لەشی ماندووم بەو سەمایە حەز بکات
هێندەی پێ ناچێت
لێڵ دەبێت لەناو چاوانمدا سەوزاییەکە
لێڵ
دوور
وێنە ڕەنگاوڕەنگەکان خەریکە شپرزە
دەنگەکان وژەیەکی ترسناکیان تێ بەر دەبێت
بە دوای وێنەکاندا
ناڵەی پێیەکانم دڵۆپ دڵۆپ پێڵووم تەڕ دەکەن

یادەوەریی پێیەکانم لە مێژوو دوورتر
دەخزێنە ناو ئەو لاپەڕانەی
هیچ کەس هەرگیز فریای نووسینی هیچیان نەکەوت.
لەوێ من هێشتا گوڵهەنارێکم
کراس و باڵندەکەزیم کردووەتە کەرنەڤال و
ئاگرەکە بەدەوری کەمەرمدا دەهێنمە سەما.

لەگەڵ دەستەخوشکەکانم ئەو شەوە دەکەینە یەکپارچە ڕەنگ
دەنگمان چەشنی باڵندە
تاریکی لەو شەوە دەدزێتەوە.
لە ناکاو دەنگم کز هەڵگەڕا و
تێکەڵ بەوژەیەکی ترسناک
چاوەکانم بەدوای باوکمدا عەودالّ
ئا ئەوەتا باوکم و پیاوەکان
ترس و حەژمەتی ئەو وژەیە بە سیمایانەوە

براکانم و کوڕەکان هەموو شتێک جێ دەهێڵن
بە وێنەی قەڵغانێک بازنەییانە لە دەوری باوکەکان کۆدەبنەوە و
دەکەونە مقۆمقۆ.
چاوەکانی دایکم دەبینم بەدوامدا دەگەڕێن
ئەو هەموو رووناکی و سەوزاییە لە بەرچاوم لێڵ
باوکم بانگمان دەکاتە دەوری ئاگر بۆ نوێژ
نوێژێک بەدەوری ئاگردا.
من هەرچەندە لەو شتانە تێ ناگەم کە دەیلێمەوە لەوێ
بەڵام سوکناییەک بە رۆحم دەبەخشن.
لەو زەمانە دوورەدەستە
ورووژمی وژەی ترسناکیش تا دێ ترسناکتر وژەی دێت

دەنگی دایکم وەک لایلایە بە دەوری ئاگر دەسووڕێتەوە
پێش ئەوەی لە ناو گوێچکەمدا
بۆ ماوەیەکی زۆر کورت ئارامیم پێ ببەخشێت.
هاتن..
ئەوان هاتن
ئەوانەی لە ئێمە ناچن
لە براکانم ناچن
لە باوکم و هاوڕێکانی ناچن
لە دوورەوە بۆنی جەنگ و تامی خۆڵ بڵاو دەکەنەوە
ئەوان
ژەهری سەحرایان خزاندە قوڕقوڕاگەی ئەو هەموو سەوزاییيەمان

ئەوان دێن
وژەی شمشێرە تینووەکانیان تیژ
دەنگی مۆسیقا و قریوەی ئێمە لەبار دەبەن.
منیش ئەمەتام
خۆخزاندووی تەنیشت دایکم
بە دەم ترسەوە دەستەکانم لێوانلێو لە دوعا
دایکم لە باوەشم دەگرێ و هاوار دەکەم
دایکم لە باوەشم دەگرم و هاوار دەکات
من هاوار دەکەم و ئەوان
وژەی شمشێر و ڕمیان هاوار دەکا
من هاوار دەکەم و ئەوان هاوار دەکەن
شتێک دەڵێن لێی تێ ناگەم
باوکم دەچێتە پێشەوە و دەیاندوێنێت
ئەوان تێ ناگەن و ئەو شتە دەڵێن باوکم تێی ناگا
ئای خودا
فیچقەی خوێن دێ

له هەموو لایەک فیچقەی خوێن و
هاواری ئێمە و هاواری ئەوان
کە ئێمە لێی تێ ناگەین.
وژەی شیر و
تیر و تەور و تەورداسیان
گڕ بەردەدەنە گوڵە گەنمەکان
سەری براکانم و سەری هەموو هاوڕێکانیان دەبنە ئامانج بۆ شیرەکانیان
ئەوان بیابانی دیشداشەکانیان
وەک کفنێکی بۆگەنکردوو لە جەستەی کوێستان لوول دەدەن
ئەوان بە نیگا وەک قەلەڕەشەکانیان خەون بە لاشەی ئێمەوە دەبینن
ئەوان ئەو قسەیەی دەیڵێن لێی تێ ناگەین
ئەوان و چاوە حەشەرییەکانیان
کە لە عانی خوێن ڕشتنی پیاوەکاندا تەماعیان وەک گەلە گورگ
بەردەدایە بەرۆکی ئێمە

ئێمە رامان کرد
هاواری ژنەکان تێکەڵ بە خوڕەی شیوەنی ئاو
بەسەر قرچەی گوڵە گەنمەکاندا دابارین.
دەبینم
پێیە پانە کلۆفت و قلێشاوەکانی ( ظ ) و ( ط )
بەسەر جەستەی ماسی ئاسای ( ژ ) و ( پ )دا
ئەوانیش چەند جارێک لە بن پێیەکان دەردەپەڕنەوە
ماندوو، هەڵبزڕکاو
هەوڵ دەدەن خۆیان لە ناو گژوگیا بشارنەوە.
ئەوان لە پیاوەکان دەبنەوە و دەکەونە گیانی کۆرپە و دواتر ژنەکان
کچ راپێچ دەکەن
لەسەر ژنان بە شەڕ دێن.
دایکم دیار نەما
باوکم و براکانم.. کەس دیار نەما.
بۆنی خوێن تێکەڵ بە بۆنکڕووزی سووتانی ئەو گۆشتانە دەبن
کە کوڕەکان دەیانبرژاندن.
من و کچە هاوتەمەنەکانم هەریەکە و بەلایەکدا
ئەوان بە پێی پەتی و بە تاقە کراسێکی بیابانییەوە
وەک گورگی برسی

ئەو سەوزاییيە بە خوێن ڕەش دەکەن.
گۆشاوگۆش براکانم لە خوێن وەردەدەن
ئەو شتە دەڵێن کە هیچ کەس لێیان تێ ناگا.
دەکەونە گیانی پیر و منداڵ
ئەو شتە دەڵێنەوە کە من تێی ناگەم.
من تەنیا دەمێنمەوە
من تەنیا و
ئەوان وەک گورگ دەکەونە گیانی کچەکانی دەورم
من تەنیا ڕادەکەم و ئەوان لە دوامەوە وژەیان دێ
چەشنی گەردەلوولێکی تاریک
پڕدەدەنە گوڵینگەی زەرد و سووری لانکەکان
لە شەویان لوول دەدەن
بیابان خۆڵ و ڕەشەباکەیان دووپشک دەخزێنێتە هەناسەی دارچنار

ئەوان و قژە ڕەش و پێستە تەڵخ و ڕیشە درێژەکانیان
ئەوان و دڵە ژەهراوییەکانیان
دەیانبینم.
من ڕادەکەم و ئەو گوڵانە لە بن پێمدا دەپڵیشێنمەوە کە رۆژانە
بە دەستی خۆم ئاوم دەدان
من ڕادەکەم و کەوشە چەرمەکەم دەدڕێت
دڕک دەچەقنە پێم
پێیەکانم قورس
ئەوانیش لە دوامەوە زیاتر تەماع تەنگیان پێ هەڵدەچنێ و
خێراتر
من بەسەر گردەکان دەکەوم
ئەوان بەسەر مەرگی ئامۆزاکانمدا دێنە خوارەوە:
ئەوان ئەو شتە دەڵێن کە من لێی تێ ناگەم.

له قاچە بێ ئامانەکانیان گیر دەکات شاخ بەردەکانی،
هەنگاو بە هەنگاو پاڵیان پێوە دەنێت بەرەو دواوە.
خێراییيان تا دێت کەمتر
دەنگیشیان تا دێت تۆقێنەرتر
منیش ئاسکەکێوییەک ئاسا بەسەر شاخەکە سەردەکەوم
هاواریان وەک لوورەی گورگێکی برسی وەختە بدڕێنێ گوێچکەم.
ئەو شتە دەڵێنەوە کە من تێی ناگەم.
پێیەکانم خوێنیان لێ دەچۆڕێ
پێیەکانم سڕ
دەمگەیەننە بەرزاییيەکان
ئەو بەرزاییيانەی دەبنە تاقە مەفەرێک بۆ دەربازبوونم
ئەو بەرزاییيانەی کە من هەمیشە وەک ئاسکەکێوییەک
شارەزای پەنا بەپەنایان.
دەنگی ئەوان تا دێت کزتر
بەڵام وژەی شمشێریان بەردەوام خەریکە ڕۆحم هەڵدەپڕووکێنێ
هەست بە پێیەکانم ناکەم و چی تر هێزی ئەوەم نامێنێت بزانم
چەند دەبێت ڕادەکەم
پێیەکانم دادەوەشێن

دەنگی ئەوان کەم دەبێتەوە و تەنیا گوێم لەو قسەیە دەمێنێ کە لێی تێ ناگەم.

ئاسمان کەمێک ڕووناک

من هێشتا پێیەکانم بەدوای خۆمدا ڕادەکێشم

تەنیا گوێم لەو قسەیە دەمێنێ کە لێی تێ ناگەم

ئەو قسەیەی براکانم و باوکیشم تێی نەگەیشتن

ئەو قسەیەی کە دایکە میهرەبانەکەشم تێی نەگەیشت

دەنگی ئەوان هێشتا دێت و

سپێدە کەمێک ئاسمانی ئەو کارەساتە ڕووناک دەکاتەوە

منیش لە تەنیشت تاشەبەردێک

هەموو حەژمەتی ئەو ئەنفالە لە دواین فرمێسکەکانمدا دەسپێرمە ئەو شاخە

لە دواین هەناسەشمدا

ڕۆحم بە وێنەی پەپوولەیەک دەسپێرمە سەوزاییەکان

تا ڕۆژێک حەکایەتی ئەنفالێک بگێڕنەوە
که هیچ کەس هەرگیز فریای نووسینی هیچی نەکەوت.

من تازە تێ گەیشتم
بۆچی ئێستاش پێیەکانم لە ناو نەرمترین نوێندا
هێشتا بۆنی ئازاری ئەو زەمانە دوورەیان لێ دێ
ئەو زەمانەی
که هێشتا
"الله أکبر"
بەسەر شاخەکان
نەکەوتبوو

بانگی سبەینەیە و من هاوار دەکەم و پێیەکانم فڕێ دەدەم...

٢٠٠٦/٤

## کـ

دەیان ساڵە
لە ناو لەپی دەستەکانم
خۆشەویستی دەبەخشمەوە
دەیان ساڵە
لە گەرمان دەسووتێم و لە سەرمان دەتەزم
بێ ماڵ
بێ دایک
بێ گوڵ
بێ هیچ دەستێک بەسەرمدا بێت و
بێ هیچ دەنگێک بە گوێیەکانمدا بچرپێنێت "خۆشم دەوێیت"

خۆشەویستی دەبەخشمەوە
ئەمێستاش
لەپی دەستەکانم
دارزاو
دەستم بەتاڵ
دڵم بەتاڵ
تەنیا
بۆ دایکم دەگریم..
ئەو دایکە ڕووناکەم کە ناو لەپی دەستەکانی: پڕ خۆشەویستی،
بە تەنیایی سەری نایەوە.

## ١ + ١ ... دەکاتە هیچ

پیاو
هەموو شت لەگەڵ خۆیان:
تەسبیح، پاکەت، مۆبایل، چەرخ، پارە
تەنها شەرەفیان نەبێت
لە قوژبنێکی بێ ئاماندا لای ژنەکان.

ژن
سۆندە بەدەست
هەموو رۆژ لە چاوەڕوانیدا
بەدەم گەسکدانەوە شەرەفی پیاوەکان دەپارێزن
بە دەم خاوێنکردنەوەی جۆگەی بەردەرگاش ئەمانەتی پیاوەکان،

چی دەقەومێت ئەگەر رۆژێک
لە جیاتی برنج بژاردن و کۆڵکردن
لە جیاتی خاوێنکردنەوەی جۆگەی بەردەرگاکانیان
ئەم هەشبەسەرانە رووت ببنەوە و
وەک باران
جوانی و جورئەت و جەربەزەیی ببارێنن!

## تەرزە

ئێوارەیەک دێ
بە تامەزرۆیی ئەو دڵۆپە هەنگوینانەی سەر عارەبانەکانەوە نەگەڕێمەوە ماڵ
ئەو ئێوارەیە
رەمەزان بێت یاخود جەژن
جورئەت دەکەم لوقمەقازییەک لە ناو بازاڕدا بخۆم
ئەو ئێوارەیە
شیلەی لوقمەقازییەکە لە لێوەکانم ناسڕم
پێش ئەوەی کوندەپەپۆیەک رێم پێ بگرێت و گوناهەکانی نینۆک و پرچم بۆ بژمێرێ
شیلەی لوقمەقازی بۆ دەکەمە گۆرانی،
لەزەتەکانی سەمای بۆ دادەگیرسێنم،
هەر ئەو ئێوارەیە
شیعرێک دەنووسم
خۆم بم.

## سەوزبوون

لەو چرکە ڕووتەدا
ئەو مەلەوانێکی چاونەترس
لەناو رووباری ماچکردنم
کەوتە مەلە
داو داو تەزوو مەستی دەکردم
تا نەتوانینی چی تر شاردنەوەی هیچ نهێنییەک.

ڕازەکانمی لە سەری لێوەکانمەوە
پەپوولەی رەنگین ئاسا هەڵفڕاند
تا دەهات بە ماچ زیاتر سەرخۆش ئەو
وەک بڵێسەیەکی خەواڵوو
سەمفۆنیای بە لەشی من دەژەند
منیش ئارام
تا سنووری خەو، خاو
کلیلی ئەو گەنجینانەم پێشکێشی کرد
کە لە ئەزەلەوە شاردبوومنەوە

پەنجەرە و دەرگاکانم لەسەر پشت
تاوێک خاو، تاوێک شپرزە ئەو
تاوێک بەخشندە،
تاوێک...
لە ناو لێوەکانم وشەی دەباراند
لە ناو گوێچکەکانم چۆڕچۆڕ هەنگوین
لەسەر پەنجەکانم گوڵاڵەسوورە
لە هەناویشم وردەماسی و ئەستێرەی پەمبەی دەڕواند
تا ئیتر شەکەت، ماندوو
خەوی لێ کەوت.
منیش لەولا ئاڵ
هێشتا بە گەمەی وردە ماسی، مەست
پڕاوپڕ لە درەوشانەوەی هەنگوین
چۆڕچۆڕ شیرینیی وردە ئەستێرەکانم لێ دەتکا
وەک شیعرێکی سەوز
چەکەرەم دەکرد.

# نیشتمانی ئاوارەیی

تۆش ئەی نیشتمان
باوەشت نەرم و
دڵت ڕەق.

تۆش
بۆ تەنیا یەک ساتی تەمەن
لە باوەشم دەگریت
پەلکەزێڕینە ئاسا
نەشوە بە دەمارەکانمدا دەسووڕێنی
بەڵام ساڵانێکی زۆر دوور و درێژ لە سەرمان دەمسووتێنیت
لە گەرمان دەمتەزێنیت
چاوانم لە ناو زینداندا تاریک دەکەی.

تۆش ئەی نیشتمان
هەمیشە لە چاوێکی بڵندەوە
لەو کزۆڵەییيە دەڕوانیت
کە لە سێبەری تۆدا تووشی فرمێسک و دەرمان و جنێو
هەندێک جاریش کفرم دەکات
تۆ..
چەند خۆشەویستی
چەند مەغدوور
چەنێکیش زاڵم.

تۆش ئەی نیشتمان
هەمیشە ئامادەیت
بۆ خاتری جامێک ئاو
یاخود بینینی ئەودیوی دیوارێک
خواردنەوەی قاوەیەکی نوێ
یانیش دڵدانەوەی سیمایەکی تەنیا
من بدەیتە دەست تەنیایی و
قفڵێکی ژەنگگرتوو
لە ئەرشیڤێکی تۆزاویدا
بۆ زەمانێکم هەڵگری کە هەرگیز پەنجەکانی تەمەنم نایگەنێ

دەیان جار جێم دەهێڵێت و
سەدان جار بە مەرحەمەتی کەڵبەی گورگم دەسپێری
هەزاران جار برژانگەکانم لە قورِ دەگری.
تۆش ئەی نیشتمان
خۆشەویستیت تەنیام دەکات و
بوخچە بەکۆڵمدا دەدات.

ئەو کاتەی
پاکیزەییم لە نەفرەت وەردەدەیت
سۆزم دەکەیتە کۆت و
لە جەستە و رۆحمی دەئاڵێنیت
چی تر من
هەڵەکانی دایکم دووبارە ناکەمەوە
حەواڵەی خودات ناکەم
نانووزێمەوە
من ئەو کاتە
هەموو ئازاری تەمەنم دەکەمە هاوارێک
تنۆک تنۆک فرمێسکەکانم
تاڵ تاڵ مووە بە چنگ ڕنراوەکانم
یەک یەک هەناسە ساردەکانم
دەکەمە پەیژەیەکی شووشەیی
بەرەو سپێدەیەک
کە خودا بۆ سەرەتایەکی تر پێمی دەبەخشێ.

٢٠٠٦-٨-٢٩

# کاف وەکو کۆڕەو
# تێ وەکو تاک ـ ڕەو

کۆڕەو: پۆستاڵێکی قوڕاوی
شازدە ساڵیمی پێچایەوە
کۆڵەپشتێکی قەترانیی پڕ کرد لە تاسەی بلووزێکی مووهێری لەبەرنەکراو
یادەوەریی دارگێلاسێکی تاقانە
گۆرانییەکی قردێلە سوور
چەند دەفتەرێکی پەمبە، کە لاپەڕەکانی
حەکایەتی پشکوتنی گوڵێکیان دەگێڕایەوە
تەنوورەیەکی کورتی پیرۆزەیی
بە چەند دڵۆپە فرمێسکێکی سەوزەوە
تاهەتایە بزر بوون.

کۆڕەو
تاسەی ئەو ورتکە گوارە و سەعاتانە
کە دڵم نەدەهات بە خۆمیانەوە بکەم
لەسەر سنوورێک
بە یەکجار چوون.. و بۆ هەمیشە
نەمبینینەوە.

تاک – ڕەویش
پاش حەڤدە ساڵ
باوڵێکی ڕەش
ئاوساو بەچەند یادگارییەک
چەند لاپەڕەیەک
چەند کرێمێکی دژە چرچبوون
تاکێک پێڵاوی بەجێماو
پەساپۆرتێکی بێ ئیش
دڵێکی پارچە پارچە بوو بەغەدر
شووشەیەک بۆن
کە یادگارییەکانی سەفەرێکی شادمانیی دەگێڕایەوە.

کوڕەو پۆستاڵی زاڵم
بەسەر پشکوتنمدا ڕێی کرد
تاک - ڕەویش
سیمای ناسازی سۆزانییەک
دەستنوێژی هەموو دیوارە پیرۆزەکانمی شکاند.

ئەمێستاش من
دوو پەپوولە لەسەر شانم
بە باوڵێکی ڕەشەوە
لە ترافیکێکدا
فریشتەیەکی لە بەهەشت دەرکراو
هێشتا خوێنی خەلقبوونم لێ دەچۆڕێ
بیر لە چوار دیوار دەکەمەوە
خۆمی تێدا بکوژم.

## نەوت

سپێدەیە
ڕۆژ لە ژوورەکەم هەڵنایە
خۆکوشتن میوانێکی ناوەخت
بوخچەیەک خەنەی بوختان لە کۆڵ
لە دەرگەی دوایین هەناسەمەوە دزە دەکا
کراسە بۆنساردە خاکییەکەم دادەکەنم
ڕووت
لە نێوان چوار دیواردا
ڕووت بەوێنەی حەوا پێش لەزەتی سێو
ڕووت بەوێنەی حەقیقەت
ئەمە منم
گوڵەگەنمێکی تەنیا
زەرد و لاواز
دەلەرێمەوە

منم پێش تامی گوناح
دووکەڵی بوختان زەفەرم پێ دەبا
تاوانبار بە خۆم
زیندەبەچاڵ
پێش ئەوەی ڕەنگی کراسێک هەڵبژێرم
قریشکەی درەختی بەردەرگەکە دەمهەژێنێت
بێ ئەوەی ڕەنگی کراسەکەم بزانم
لە ئاگری درەختەکەی وەردەدەم و
دەبێتە کۆی زووخاڵ
ڕووت بە وێنەی حەقیقەت
دەست دەدەمە بوتڵە شیرێک
پێش ئەوەی لێوەکانم تەڕکەم،
خورپەیەک
لە دەستمی دەخاتە خوارەوە
پێش ئەوەی نەزەرێکی حەرام بکەم
ئاگری زینا دەمسووتێنێت
پێش ئەوەی میوەیەکی حەرام تام بکا لێوم
خۆڵ و دۆ لە گەرووم دەنرێت
پێش ئەوەی قفڵێک بکەمەوە.. کلیل دەدرێم

ڕووت بەوێنەی حەقیقەت
گەرووم بەوێنەی ئاگر وشک
لە جوانی جوانتر
خەنەی بوختان لەسەرنراو
تاوانی گوناهێک لە ملم ئاڵاو
ڕووت لە نێوان چوار دیواردا
بەوێنەی حەوا
تاوانبار بە خۆم
بیر لە خۆکوشتن دەکەمەوە

## چاویلکە

دوو چاوی ناحەز ئاسا
لە ملی تۆدا .. شۆڕ
چاوی بە عەشقمان هەڵنایە
تەماشاکە:
چۆن لەگەڵ باوەش بەیەکترکردنماندا
پێش ڕمانی هەموو دیوارەکان
چاویلکە
کرتەی شکانی لێ هەڵدەستێ.

# ڕووخانی ژنێک لە ناو ئاوێنەدا

بەرامبەر ئاوێنە
بەوێنەی حەوا
ڕووتوقووت
بەوێنەی مەریەم پاکیزە
بەوێنەی خودا تاق و تەنیا
لە دایکێکی زەیستانی کۆرپە مردوو تێکشکاوتر
شووشەیەک دەرمانی بەتاڵ بە دەستەوە
لە زەردیی خۆی ورد دەبێتەوە
بێ ئەوەی بترسێت جنۆکەیەک دەستی لێ بووەشێنێت
بەرامبەر ئاوێنەکە
لە پاکیزەیی و
تەنیایی و
تێکشکانی خۆی ورد دەبێتەوە
تا ئەو ساتەی دەستی لە شووشە بەتاڵەکە شل دەبێ
لە خۆی و لە شووشە بەتاڵەکە ڕادەمێنێ.

بەرامبەر ئاوێنەکە
ڕووتوقووت
بۆ دوایین جار
بیر دەکاتەوە:
ئاخۆ کامیان پێشتر
بە ڕووخاوی
دەکەونە سەر زەوی؟

## بەیاننامەیەک

مرۆڤبوون بۆ ژنی کورد:
ماناکانی ژنبوون سەرتاپا قلّپ بکرێنەوە
ژن لە حەرەمی نەریت خۆی ڕاپسکێنێت
جێگەی خۆی لە ریزەکانی
گەنج و مرۆڤدا بکاتەوە

ژنبوون واتە:
شۆڕشێک لەسەر دەستی ژن
بە پێی ژن
بە هەناسەی ژن
بە رەنگی ژن

شۆڕش واتە:
ئەو شۆڕشە
لە دوور یان لە نزیک
ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ
سپی یان ڕەش
هیچ جۆرە پێوەندییەکی بە کوردایەتییەوە نەبێت.

## ئێوارەیەکی نارنجی گۆرانییەک بۆ ئاگر دەچڕم

سپێدەیەک گوتم:
ئەو پڕیشکەی بۆ خۆسووتاندن هەڵی دەکەم
دەیکەمە مەشخەڵێک
بۆ رۆژهەڵاتنێکی نوێ.

بەڵام
ئێوارەیەکی درەنگ، نارنجی
کاتێک هەموو دەرگەکانی قەدەر بە ڕووم دادەخرێن
کاتێک هەموو چانسەکانی بەمرۆڤبوون جێم دەهێڵن
لەو رۆژئاوابوونە نارنجییەدا
گۆرانییەک بۆ ئاگر دەچڕم:

ئەی ئاگری گەرمایی
ئەو کاتانەی هیچ تینێک شک نابەم بۆ گەرمبوونەوە
چ کڵپەیەکی گەرمی بەخشیت و
چ تینێکی ڕووخێنەر
چەنێکیش لە ناوجەرگەی سووتانەوە فریادبەخش.

ئەی خواوەندی ژنایەتیی ئەم سەردەمە
لەم ئێوارە نارنجییەدا
پێش ئەوەی تاریکی لە درزی دەرگە داخراوەکانەوە
دزە بکاتە ناو چاوەکانم بمتۆقێنێت
تۆ چەند فریادڕەس و چەنێک میهرەبان
باوەش دەکەیتەوە بۆ هەموو نەهامەتییەکان و
بەکڵپەیەک
هەزاران ناڵە کپ دەکەیتەوە

ئەی نووری فریادڕەس
چ ڕووناکییەکی تۆقێن لە باوەشکردن بە تۆدا دەخولقێت

لەم ئێوارە نارنجییەدا
پێش ئەوەی ڕۆحم تاریکی بیرزێنێتەوە
ئەی ئاگری ڕووناکی و گەرمی
ئەی کڵپەی فریادڕەس
ئەی تیشکی خواوەند
ئا لەم ئێوارە نارنجییەدا
گەر سوجدەیەک بۆ تۆ نەبەم
گەر باوەشێک بە تۆدا نەکەم
چی
بکەم؟

٢٠٠٦-٩-٨

# شـەو

له لاسکەگیای سمێڵەوه
تا ڕووتیی بێ شـەرمی لەش
له کەنار تەنکاییی نەرمەماچەوه
تا قووڵاییی ڕووتبوونەوه
له مەلەکردنەوه تا نقومبوون
له تامکردنەوه تا ڕنینەوەی میوه
له شـەرمەوه تا سنووری تێرنەبوون
له تۆوه تا هەناوی من.. ماچ

سپێده
پەردەیەکی ئاڵتوونی ئاسا بەسەر پەنجەرەوه
لەشی خەوتووی هێشتا بە شەهوەت داگیرساوی تۆ بە من نیشان دەدات
وێنەکانی شەو لەم بەرهەتاوه تەریقم دەکەنەوه
پێش ئەوەی چاوەکانت بکەیتەوه
له شـەرمان من
خۆم دەکەم بە نووستوو.

فاتیحە

لەدایک بوو

...

پێش مردنی

سپێدەیەک بڕیاری دا

مێژووی هەموو دنیا لە بۆشاییەکەدا جێ بکاتەوە.

لەدایک بوو، مرد

# مۆر

جوانە گیان
جاران تەماتە چەند خۆش بوو!
چ نەسیمێک لە بۆنی ڕۆژووە سفوورەکانەوە
چ بۆنێکی خۆشیش لە
بەتراکسوتەوە عیبادەتکردن!
چ رەمەزانێکی دڵفراوان باوەشی بە ئیمانی ڕاڕاماندا
چ نوێژێکی پەلەمان دەکرد
تا دەگەیشتینە بۆنی ماسییە وردەکانی بەربانگ!
هەموویان جوان بوون:
خەونە سوورەکانی پێش (عادە) و
قاقا پێکەنینمان بە (ئەوجە وەرەەەەە)ی دووکاندارێک،
سەد بارە کردنەوەی قاوە خوێندنەوە
بۆ کەشفکردنی رەنگی چاوی دواڕۆژمان!
سەرکەوتنی تەنوورە جەربەزە قڵیش درێژەکان، بەدزیی معاون عەمیدەوە
بەرەو بەشە شۆخەکەی جوغرافیا
دەرچوونی وێنەی هەشت کچ هەموویان بە یەک ڕەنگ سووراوەوە،
خوێندنەوەی (نۆسترا دامۆس) و خەیاڵی تەواوبوونی دنیا لە ٢٠٠٠
دەرگەکردنەوەی حەمام لەسەر یەکتر و
شەڕەئاوی چلەی زستان!

ئێمە ناومان لە دەرپێ شۆڕاوەکان دەنا (شەرەف)
بە هەموو بەرائەتیشمانەوە لە تەنافێکی پەنا دەگەڕاین
تا شەرەفمانی پیا هەڵخەین.
نەمانزانی
دەشێت ناو لە هەموو غەزەبە خوێناوییەکانی چەقەڵ بنرێت شەرەف
بۆ بەڕەوا نیشاندانی جوانەمەرگکردنی کەروێشک.
ئەو هەموو جوانییەمان چۆن پێ کرا لەم دنیا ناشیرینەدا!
چەند خۆش بوو:
حیتەحیتی ئێواران بەدەم گەرمکردنەوەی برنجێکی سووری تۆپەڵ تۆپەڵ و سوورکردنەوەی چوار پەتاتەی ڕزیو
گوێگرتن لە جنێوە تورکمانییەکانی پیرەژنەکەی ساحێب ماڵ
بێ ئەوەی هیچ وشەیەکی لێ تێ بگەین
سەماکردن بە کراسێکی عەنتیکەی لەنگەوە
خواردنی دوو کیلۆ گوڵەبەڕۆژە لە چاوەڕوانیی (دەرچوون و دەرنەچوون)دا

کڕینی کراسێکی سووری نووستن، بۆ شەهرەلعەسەلێکی زۆر دوور
لاساییکردنەوەی ئەتواری مامۆستا خەواڵووەکانمان
لەو وانانەی هەرگیز تێشیان نەگەیشتین
هەڵواسینی رەسمی مامۆستا قۆزەکەی تۆ لە ژوورسەری من.

ئێمە هەنگوینمان لێ دەچۆڕا و
ساتە فریشتەییەکانمان بەو نەزانییە پڕ چێژە بردە سەر و
وامان زانی دنیا لە قریوەی دیواری سێ کچی زانکۆ تێپەڕ ناکات.

جوانە گیان!

ئێمە چەند بەسەهوو چووین بە کۆڕە زمان لووسەکان و زمانی شاعیرە "نوێخوازەکان"

چەندمان عارەق ڕشت تا ڕستە بلیمەتە درۆزنەکان بگوازینەوە سەر پشتی دەفتەری موحازەرات.

جوانە گیان!

تۆش بیر بکەوە و بگری:

بۆ شێوانی واتاکانی تەماتە

بۆ تەپینی میوەکانی کچێنی

بۆ مەرگی پاکیزەییمان

سەبارەت بەتەنیا چوار دڵۆپ خوێنی پیس لەسەر پەڕۆیەکی بۆن سارد.

بگری:

بۆ بچووکبوونەوەی کراسەکانمان

بۆ تەسکبوونەوەی کاوبۆکانمان

بۆ گواستنەوەی عەشق لە تەلیسمی چاوەوە، حەیف

بۆ لینجاییەکانی پێچاوپێچی لەش.

ئێستا:

نەبوونی تەماتە لە کاتی چێشت لێنانی نیوەڕۆدا چەند گرفتە!

خواردنی خۆشی گوڵەبەڕۆژە واتە:

بەکارهێنانی سێیەمین جار و.. چوارەمین جار و.. دەیەمین جاری گسک.

حەیف

باوێشکدانی رۆمانەکانی (ئەلبێر کامۆ) لە ناو تاقە چەورەکانی مەتبەخ

قەیرە هەڵگەڕانی شەهادەی تەخەروج لە چاوەڕوانیی

کرانەوەی گرێی بەختیدا

چەند بێ مانان!

تۆ بەراوردی پێکەنینە موفلیسەکانی جاران و
سەفەرە نەخۆشەکانی ئێستا بکە!
ئەو کۆڕانەی دوو دینارمان بۆ دەدان بە پاس
ئەو شیعرانەی وێنەمان لەگەڵ دەگرتن
هەمووی چەپڵەلێدان بوو بۆ خیانەت:
خیانەتی قەڵەم
لە تەنیاییی نیوەشەوانی هەنجیر.
ئێمە بۆچی پەپوولەییی خۆمان بە سیمینارە ساختەبازەکان خەسار کرد و
درۆکانمان تا دوا سنووری هەناومان قووت دا؟
ئێمە کتوپڕ بەچەشنی جەڵتە ئەرکی هەموو هەستەوەرییەکمان گۆڕا:
گوێ لە گۆرانییەوە بۆ زرنگەی جاڕسی سەعات گۆڕا
چاو لە ڕەنگە سەماکەرەکانەوە بۆ برنج بژاردن
دەست لە بۆنی گوڵەوە بۆ کەفی پیرکەری تاید
جەستە لە چنارەوە بۆ شیردەری
هەموویان جوان
لە هەمووشیان جوانتر دایکمان
کە وامان دەزانی هەرگیز نامرێ.

## وەسوەسە

لەم کوژانەوەیەدا
جگەرەکەت بێدەنگ بکە و
گۆرانییەکم بۆ داگیرسێنە،
قەڵەمەکەت بسڕەوە و
چڵێکی پرچم بنووسەوە
ڕووت وەرمەگێڕە
ئەگەرنا:
ناچار دەبم
هەموو حەکایەتی قوتابییەکان
خەمی ریزگرتنەکانی غاز
دەردی کارەبا
تەنانەت تەمی تەنیاییی شەوانی ئەو قەیرەکچانەش
کە لە ڕێڕەوە نسرمەکانی بەیانییاندا
مێردی ژنەکانی تر بە نووکە بەئاگا دەهێنن
بگێڕمەوە
ناچار دەبم
تەنانەت ریپۆرتاژە بێ ماناکانی رۆژنامەکانت بۆ بگێڕمەوە،
بە گۆرانییەک ئەم ئێوارە چاوتاریکە رۆشن کەوە
نەبادا لە بۆشاییەکانی بێدەنگیماندا
شەیتانێک جێی ببێتەوە
وەسوەسەبارانمان بکا.

## ماچباران

له سەوزترین لقی ناو مەرکانەی ماچەوە

تنۆک تنۆک

شیعر بەلێوەکانم بسپێرە

بە پەنجەکانیشت پیاسەی ڕێڕەوە تەسکەکانی شیعرم پێ بکە

ماچبارانم کە

ئەمشەو ئاشتبوونەوە بۆنی لەدایکبوونی لێ دێت.

## کچی سێو

ئەی کچی سێو
تاوێک لەبەر ئاوێنەکەت بسرەوە و گوێیەک بۆ نۆتەکانی لەشت ڕابگرە
گەر ئاوێنە تۆی نەناسییەوە:
بچۆ بەر پەنجەرە و دەستێک بە تاڵە شەرمنەکانی پرچتدا بهێنە!
گەر ئاسمانیش خۆی لێت شاردەوە:
دەفتەرێکی پەمەیی دەربهێنە و بەدوای یادەوەرییەکانی خۆتدا بگەڕێ!
گەر فۆنتەکان خۆیان لێت گۆڕی:
لە ئەلبوومێکدا بە دوای مچوڕکە عەیارەکاندا بگەڕێ!
گەر زریکەی ئازاری وێنەکان دەبەنگیی گوێتیان دڕی:
ئەلبوومەکەت دانێ و
لە تاریکیی ناخی خۆتدا بە دوای خوادا بگەڕێ و بپاڕێوە:
ئەی خودای لە میهرەبانیدا بێ نموونە
منیش لە تەنیاییدا بێ نموونەم...
خاوێنی پێستم شەق دەکات،
پاکیزەیی: ڕۆحم لە قاڵب دەدات،
باڵەکانی هەوەسم هەڵدەکرووزێنێ... ئەی خودای گەورە:
من ئاوی غوسڵ خنکاندمی
من هەر هەناسەیەک دەدەم غوسڵێک دەردەکەم
من گوناح ناکەم و غوسڵ دەردەکەم
ئەی خودای خالیق

من له داوێنی بێ گەردمەوە ئادەمم خولقاند و.. غوسڵ دەردەکەم
من هێشتا نەشوەیەکی لەزەت نەیگرتووم کەچی
پۆل پۆل منداڵەکانم پێ دەگرن و جێم دەهێڵن
من هەناسەیەک پرچی شەرمنم ماچ ناکات و گوناهبار دەبم..
ئەی خودای گەورە
کە ئاسمان خۆی لێم بشارێتەوە
ئەی من ئەو هەموو غوسڵەم بۆ دەردەکرد؟
کە ئێستا تەنیا پشیلە بەردەرگەم بناسێتەوە
من ئەو هەموو پەپوولەیەم بۆ لە خۆ تۆراند؟
من ئەو هەناسە ڕەنگینانەم بۆ دەسپاردە ئەلبوومەکان
کە ئێستا بخنکێن بە نیگاکانم ؟
من شەوانی جەژن دەستە خەناوییەکانم لە ناو باوەشی گۆرەوییەکاندا بۆچ زیندان دەکرد:
گەر بمزانیایە هەموو ڕۆژ نینۆکەکانم دەبنە مەعبەدی شەیتان؟
من چیم کردبوو تا ئاوی دەستم وەک گۆشتی سەگ حەرام بێت؟
دەی خودای گەورە و دلۆڤان
با غوسڵ بۆ سیاسەتمەدارەکان بێت
گوناح لە ئەستۆی تیرۆریستەکان
با ئاوی دەستی حەرامخۆرەکان حەرام بێت
خەنەش بۆ دەستی بووکە یەک شەوەکان.
من تەنیا ئاوێنەیەکی راستگۆم بەسە:
گۆرانییە خنکاوەکانی لەشم بۆ بلێتەوە و
قەفەکانی پرچم بە هەتاو بسپێرێت.
٢٠٠٣

## ناڵەی گیا

(برووسک) دەتەقێتەوە
منداڵێک دەمرێ: گەورەترین ئارەزووەکانی
لە خواردنی دۆندرمەیەک تێپەڕ ناکا.
چنارێک دەکوژرێ نەسۆزانییە نەجاسووس
جانتایەک هەلا هەلا دەبێ
پازدە دینار و مەمەیەکی لاستیکی تێدایە
چاوێلکەیەکی پزیشکی خەڵتانی خوێن دەبێت
هێشتا وەسڵەکەی قەرزار، دوور لە گیرفانی خاوەنیەتی
کراسێکی گوڵ گوڵ و لەچکێکی کون و جەرگێک.. دەسووتێن.

خۆ برووسک جیقجیقەی پێڵاوی منداڵێکی تەمەن یەک ساڵانە
قوون خڕ قوون خڕ
هەر چوار هەنگاو جارێک دەکەوێت تا دەگاتە باوەشی باوکی.
برووسک ئەو کچە شەرمنە تازە مارە کراوەیە
کە بۆ یەکەم جار هەوڵ دەدات تەماشای چاوی مارەبڕەکەی خۆی بکات.
برووسک ئاشتبوونەوەی ژن و مێردێکە
بە بیبسی خواردنەوەیەک لە دەرەوەی ماڵ.
برووسک پشووی دەگمەنی ژنێکی دەست قڵیشاوە
دوور لە قاپ شتنی ئێوارەیەک.
برووسک لاقرتێی باوکێکی چل شەوەیە:
ساواکەی لە باوەش دەگرێت و بە خێزانەکەی دەڵێت: (دایکی منداڵان).
برووسک کۆبوونەوەی دوو ماڵە کەرکووکیی ئاوارەیە بۆ خواردنی دۆڵمەیەکی هەولێری.
دوورکەوتنەوەی شپرزەی بووک و زاوایەکە لە خزمان
بۆ دەربڕینی چەند ڕازێکی شەرمن.
ئیسراحەتی خێزانە سایەق تەکسییەکی سووتاوی بەر گەرما و بێ کارەبا و بێ دەرامەت
لە ژێر چەند لق و پۆپێکی پاکیزەدا.

برووسک دەتەقێتەوە..
تۆڵەی هەموو سیاسەتمەدار و سۆزانی و پیاوکوژەکانی دنیا
لە باخچەیەکی بێ گوناحی من دەکرێتەوە.

## خەون

ئەو کۆڵانە چەند جوانە
که چیتر من هیچ ماڵێکم نییە لەوێ.
ئەو دایکە چەند فریشتە
چەند شۆخ و باڵاچنار
ئەو خەونانەش چەنێک ئەفیوونی و درۆزن
کاتێک بە نەشئەی پێکەنینێکەوە لە خەو بەئاگام دێنن
گوڵی باخچەی ئەو ماڵەم نیشان دەدەن
کە چیتر من جێگەم تێیدا نابێتەوە.

دێنەوە بیرم:
تەلیسمی هاتنەوەی میهرەبانیی دایکم لە قوتابخانە
کە ئاوەدانی و بۆنی چێشت لێنانی دەهێناوە ماڵ
وێنەی ئەو گوڵە باخە مۆرەی لە سووچێکی باخچە گەورەکەمانەوە
عەیار و جوان بۆنی بە هەموو باخچەکەدا بڵاو دەکردەوە
ڕەنگی ئەو سووراوانەی کە چاوەڕێم دەکرد بەتاڵ بن
ماڵە باجێنە بە قاوغەکانی بکەم
بۆنی ئەو کتێب و دەفتەرە نوێیانەی
کە دایکم و باوکم پێکەوە بۆیان لە بەرگ دەگرتم
یەکەمین پێڵاوی بن بەرز کە شەو تابەیانی لای خۆمەوە نواندمن
زەنگی جەژنانە و
ئەو شیلکانەی بە دزی دایکمەوە سەریان لە ژێر گەڵاکانیانەوە دەردەهێنا و

لیکیان دەڕژاندە دەمم

کاتی نانخواردن و ریزکردنی حەوت قاپ و حەوت کەوچک و حەوت پەرداخ.

ئەو ماڵە چەند جوان

کە من چیتر خاوەنی باڵکۆنە و گوڵەمێخەکەکانی نیم

تاسەی ئەو کاتانەی لەگەڵ خوشکەکەم تازە فێری قاپ شتن دەبووین

جارجار لە سەربانەکەی تەنیشتمانەوە

دەنگی پیاوێک بە گاڵتەجارییەوە ڕای دەچڵەکانین: "کچێ ئەوە هێشتا تەواو نەبوون؟"

ئێمەش بەحیتەحیت و شەرمەوە کۆشی خۆمان دادەپۆشی و خۆمان گورج دەکردەوە.

هەمیشە دڵم بە پێکەنین و قسە و تەنانەت قاتە سپییەکانی کاک زاهیری دراوسێمان خۆش.

ئەو حەوشەیە چەند جوان

کە من منداڵ بووم قاپم تێیدا دەشت لەوێ

[هەموو بەیانییەکی عازەبیم لە حەوشەکەدا کاتێک دەستم دەکرد بە خوێندن، قەفەسی کەوەکانم بە داری گێلاسەکەوە هەڵدەواسی. ئەگەر بیرم بچووایە حاجی ئەحمەدی دراوسێمان لە من پەرۆشتر لەسەر دیوارەکەوە دەیگوت: "باوکەکەم ئەو کەوانە بهێنە دڵم بە خوێندنیان دەکرێتەوە"].

ئەمشەو

بیری جارجار دەرکەوتنی کاک زاهیر و
دەنگی میهرەبانیی حاجی ئەحمەد و
پێکەنینە فریشتەیییەکانی دایکم دەکەم
من سەفەرێک بەسەردان چوومەوە لای دایکم
پەڕۆیەکی ڕەش بە دیوارە سوورەکەی ماڵمانەوە هەڵواسراو
لە سەرقەبرانیش، حاجی ئەحمەد
قورئانی لەسەر قەبری دایکم دەخوێند
بازرگانێکیش، دەیانگوت "لە ناوەندی بازاڕدا فیشەکێکی بە کاک زاهیرەوە نابوو"
هەر زوو حاجی ئەحمەدیش سەری نایەوە.
لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، کەچی
ئەو کۆڵانە هێشتا
چەند جوانە کە من هیچ ماڵێکم چیتر نییە لەوێ.

# بۆنی قەیسی لە خوێنت دێت..

بەڕۆحی شەهیدانی جەژنی قوربانی.. پێشکێشە

سپێدەی جەژنە و
تۆ چێشتێکی چەور لەگەڵ منداڵت دەخۆی
تراشێک دەکەیت و
کچە عازەبەکەت گوڵێکی سوور لە یەخەت دەدات
کوڕەکەشت، باڵای لە خۆت بەرزتر، بە حورمەتێکەوە لە دواتەوە دەڕوات.،
سپێدەی جەژنە و تۆ بۆنی قەیسی لە دەمت دێت.

ئەویش چاو پڕ لە خوێن،
ڕیش نەتاشراو
لە بەرئاوێنە..
لە شەیتانەکانی خۆی ورد دەبێتەوە.
تۆ دەستت تەنیا هەشت دەستی گوشیوە و
گیرفانت هەشت چوکلێتی تێدایە و
باخەڵت دەیان پەیمانی شیرین و
کەللەت هەزاران خەونی سوور و زەرد و سەوز
ئەویش تەماعی لە کەللە سەری کوڕەکەتە و
ڕقی بە بۆنی جێپەنجەکانی کچت هەڵدەستێ.
هەناسەی بخوور و ئەفیون لە یەکتر جودا ناکاتەوە،
بە چوکلێتەکانی گیرفانت تا دەیگرێ و
قیامەتی لە خەونەکانی تۆ پێ ڕەواترە.

سپێدەی جەژنە و
تۆ بۆنی قەیسی لە دەمت دێت
ئەویش جەهەننەم لە خۆی دەبەستێت
بۆنی مەرگ لە هەناوی هەڵدەستێت و
بوختان تەنانەت بە خوداش دەکات.
ئەو غۆدزێللا نییە،
دەیناسۆر نییە،
بەڵام دەیەوێت جەرگی میللەتێک بپێکێت..

ئەوەتا ئەو هەنگاوێک دێتە پێش و
تۆ دوو هەنگاو
تۆ بە دە پەنجە جەژنە پیرۆزەی لێ دەکەیت و
ئەو بە یەک پەنجە
دەرگەی ئاسمان دادەخات،
پەنجەی هەزاران کچ لە قوڕ هەڵدەکێشێت
باڵای سەدان کوڕ لە خوێن وەردەدات
گوڵی سوور و
چوکلێت و
هەزاران پەنجە
خەڵتانی خوێن دەکات.
سپێدەی جەژنە و تۆ.. بۆنی قەیسی لە خوێنت دێت

# دراکۆلا

له ناو تەپلەکی جگەرەیەکدا
مایکرۆفۆنێک دەدۆزێتەوە
کچکوژێک.
مایکرۆفۆن
حەکایەتی بەرائەتی کچکوژ دەگێڕێتەوە:
من جەللاد نیم
ئەو.. تەنیا کچێک بوو
من یەکەم کەس نیم
دواین کەسیش نابم.
کچکوژ بە مایکەکەی وت:
بەسەهوچوون ئەوانەی دەیانەوێ ڕیسوام بکەن
تاوانبارن گەر بیانەوێ بۆ کوشتنی تەنیا تاکە کچێک
عومرم له زیندان بەسەر ببەم،
خۆ لەم زەمانی براکوژی و
باوککوژی و
کوڕکوژییەدا
شەربەتی لێو و هەناری سنگ و
میوەکانی لەش بەس نین بۆ تیژڕاگرتنی تیری پیاوەتی.

لەم زەمانی جەنگ و ناموسەدا
گەر خوێن نەبێت چی دەتوانێت حەزە نامەحرەمەکان ئاوبدات؟!
لەم زەمانی دراکۆلایەدا
چی بێت مرۆڤایەتی و ژنایەتی جودا بکاتەوە و
سنووری ئۆرجازم و فیچقەی خوێن بکاتە یەک
لە کچێک زیاتر هیچی تر نەبوو
من تێم گەیاندن کە کچەکان هەڵەن
گاڵتە بەچەکی ئێمە دەکەن و
بەو سیحر و جادووانە دەنازن
کە فریشتەکان لە سەبەتی میوەجاتی خودایان دزیوە و
ئەمانیش لە ساتێکی سەرخۆشیدا لێیان سەندوون
چاوی باز  لەبی شیرین  مەرمەری لەش مرواریی نیگا  ئاوریشمی هەناسە
بە هەموویان هێزی تاقە فیشەکێکیان نییە
من جەللاد نیم
یەکەم کەس نیم و دوایین کەسیش نابم.

## باربی

کچۆڵەکەم
چەند بەهارێکی ترە، تۆش
چەشنی دەنکە هەنارێک
گەش و ئاڵ
باوەش بۆ دنیا دەکەیتەوە و
گەورە دەبیت.

لەم جیهانگەراییەدا
لەم وڵاتی تاریکاییە
چ رووناکییەکت پێشکێش بکەم!

من کە گەورە دەبووم
دایکم کوژەکەیەکی لە مل کردم:
"نەکەی بەتەنیا بچیتە ماڵی هیچ برادەرێکت
نەوەک خۆی لە ماڵ نەبێت و
پەلامارت بدا براکەی!".

– قەت وێنەی خۆت پێشکێش بەهیچ هاوڕێیەکت نەکەی!
نەبادا بوختانێکت پێ بکا نامەردێک.

دایکم
دەبووایە ناوی دایک و باوک،
خێڵ و عەشیرەتی هەموو ئەو کچانە بزانێت
کە لە پشووە دە دەقیقەییەکاندا کۆلایەکم لەگەڵ دەخواردنەوە
– پیاو وەک توولەمار
بێ ئامان و بێ مەکانن
بۆ تەنیا ساتێک لە کچ دەئاڵێن
دواتریش خاو
لووس وەک موویەکی ناو هەویر
کاتێک دەردێن
تا هەتایە نابیندرێنەوە.

من پێش ئەوەی لە تەلیسمی عەشق بگەم زانیم:
پیاوانێک هەن "خۆیان لە کەر و سەگیش ناپارێزن"
من کە گەورە دەبووم
تەنیا تەلەفۆن و تەلەڤزیۆن و رادیۆ و تەسجیل هەبوو
لە ماڵی ئێمە ڤیدیۆ بڤە بوو
دایکم لە چاوان دەیشاردمەوە
بە ئایەتەلکورسی دەیپاراستم
تەنانەت کاتێک دوور دەکەوتمەوە
جامێک ئاوی بە دوامدا دەڕژاند
منی رووناک
بەو فووانە شاگەشکە دەبووم کە ئایەتەلکورسییەکانی بە ڕووم دەباراند.

کچی خۆم..
ئەی من، ئێستا
لەم زەمانی مۆبایل و سەتەلایت و مێسینجەر و
سی دی و
شێخ زانا و
تی ئێن تی و
فۆتۆشۆپ و
بەردبارانە
لەم زەمانە مەلعونەی (بلوتوث)ەدا
ئامۆژگارییە دایکانەکانم لە کوێوە دەست پێ بکەم
لەم زەمانەی رۆژانە دەیان کچ سووتانەدا
بە چی دەست پێ بکەم؟
لە کوێوە و
چۆن!

٢٠٠٣/٣

## دوعا

کچێکی عاشق
چمکی کراسەکەی لە هەوەسی چەند پیاوێک گیر
تاڵی پرچیشی
لە بلۆکی ژنکوژەکان.

کیژۆڵە
عاشقی پیاوێک
کەچی دەیان پیاو تینووی خوێنی.
لە دواین هەناسەکانی ژێر بەردبارانیش
تەنیا دوو پەنجەی زیندوو
بۆ داپۆشینی
لە چاوی کامێراکان کۆشی.

له بەعشیقە یا لە هەولێر
لە رانیە یان لە (باعەدرێ)
خۆ دوعاش نەبێ
نەسرین
شۆخان
یانیش هەر خۆم
بەتاوانی بنێشتێک
بەپاساوی قریوە پێکەنینێک
یان بە هەنجەتی پانتۆڵێکی کاوبۆی
پرچی
عەشقم لە بلۆکی حەشەرییەک گیر
مەمک خەڵتانی ناو زیخ
مێشکم پژاوی سەر ئەو پێڵاوانەی
لە خاوەنەکانیان بەهادارتر.

ئەی تەلیسمە ڕووناکە لە من دوورەکان
لەم وڵاتی چاوی حەشەری و
پیاوی حەشەری و کولتووری حەشەرییەدا
هیچ دوور نییە پەنجەی فەتوایەک لە من بوەشێنرێت
بلۆکێک لە دیوەخانی ژنکوژیدا
لەسەر بەڕەی کلاشینکۆف
لە تەنیشت ئاگر
دیژلەمەی خوێنم هەڵقوڕێنێ.

ئەم مێژووە بۆگەنە پڕاوپڕە لەو پرتەقاڵە جوانەمەرگانەی
پاش کوشتنیش
دوو پەنجەی گومان لە دامەنیان دەچەقێت.
لەم وڵاتە بێ پایە و بێ ئامانەدا
بلۆک دەیان پاساوی هەیە
تا لە دەرگەی منیش بدات.

ئەی تەلیسمە فریادڕەسە لە من دوورەکان
من پێش ئەوەی هەنسکی خوشکە بچکۆلەکەم
وەک رووبار لە سلێمانییەوە تا هەولێر پێیەکانم تەڕ بکات
دەمزانی دوعا منم
پێش ئەوەی دایکم بەرەشپۆشی بێتە خەونم
ئەو کاتانەی چاوی مۆبایلەکان خوێن دەچوونەوە
دەمزانی
ئەو کاتانەی
لە ناو بازاڕی قەیسەری تاسەی دەستە حەشەرییەکان
سیسرکە ئاسا بەسەر پەلوپۆمدا هەڵدەگەڕان
دواتریش بە تۆمەتی پانتۆڵێکی کاوبۆیەوە تێزاببارانیان دەکردم
من دەیان ساڵ بوو لە ناو حەکایەتە خورافییەکانی جەهەننەمدا
لەنجەولاری خۆم دەبینییەوە.
دەمزانی
دەمزانی ئەو "هەشبەسەر"ە لە خۆم زیاتر کەسی تر نییە.

## سیانەی داڕووخانی دەرگەکان

سێ ماڵ:
ماڵێک لە چیمەنتۆ
ماڵێک لە بەرد
ماڵێک لە قوڕ

سێ پیاو:
پیاوێک لە کلاشینکۆف
پیاوێک لە دووکەڵ
پیاوێک لە تەسبیح

سێ ژن:
ژنێک لە خشڵ
ژنێک لە ئاوێنە
ژنێک لە نوشتە

سێ شەڕ
شەڕێک بە قۆناغە تفەنگ
شەڕێک بە نەعل
شەڕێک بە تیزاب

دەیان دەرگە:
دەرگەیەک بەرەو گۆڕستان
دەرگەیەک بەرەو فاڵچی
دەرگەیەک بەرەو ئاگر
دەرگەیەک بەرەو خیانەت
دەرگەیەک بەرەو...

٢٠٠٢/٩/٢٨

## ژنە بێ نامووسەکان

من هێشتا منداڵ بووم کە (سەیران)ی دراوسێمان کوژرا
ژنەکان، پیاوەکان
کەس نەیپرسی
هیچ کەس لە هۆیەکەیشی نەکۆڵییەوە
چرپەیەک دەیگوت:
"سەیران بێ نامووس بوو"
هەشبوو دەیگوت: "سەیران نیوەشەوان دەچووە دەرێ"
تەنانەت هەبوو دەیگوت:
"سەیران ژوانی سووری بۆ مەسئوولەکان ڕێک دەخست"
سەیران بووبووە پەندی گەڕەک
دێوەزمەیەک
کچی گەڕەکی پێ دەتۆقێندرا!

له دوای راپەڕین
وەک ڕۆژی ڕووناک دەرکەوت:
سەیران لەگەڵ چەند کچێکی سلێمانی خۆپێشاندانەکانی ڕێک دەخست
سەیران مەنشووراتی بڵاو دەکردەوە
شەوان بە شەڕواڵێکەوە، جامانەیەک بە سەر و گوێلاکیەوە
شیعاراتی لەسەر دیوارەکان دەنووسی.
بەڵام ئەو کات حەیف (٨) ساڵ بەسەر کوشتنی سەیراندا تێپەڕی بوو
حەیف: سەیران تازە حەیای چووبوو
پەندی گەڕەک
باوک و سێ براکەی تەعزێیان بۆ نەگرت
دایکە کلۆڵەکەشی
بەدزی دەچووە سەر قەبرانی
بەدزی قوڕی دەپێوا
بەدزی قژی خۆی دەڕنییەوە
خۆ تا ئێستاش
تا ویژدانێک دەڵێت سەیران شەهیدە
سەد بەدگۆ سوێند دەخۆن:
"سەیران بێ نامووس بوو".

بەعس ڕۆیشت.. ڕاپەڕین هات
(رایدە)ش کوژرا
وتیان (رایدە) بێ نامووس بوو
بەعس ڕۆیشت.. ڕاپەڕین هات
(مەهاباد) سووتێندرا
وتیان (مەهاباد) بێ نامووس بوو
بەعس ڕۆیشت.. ڕاپەڕین هات
(شیلان) تەڵاق درا
وتیان شیلان بێ نامووس بوو
بەعس ڕۆیشت.. ڕاپەڕین هات
(تەورێز) خۆی کوشت
وتیان (تەورێز) بێ نامووس بوو
بەعس ڕۆیشت.. ڕاپەڕین هات
(بەفرین) بەگوریس هەڵواسرا
وتیان (بەفرین) بێ نامووس بوو
تەنانەت (پەیمان)ی نازدار
وتیان پەیمان بێ نامووس بوو
ئەوان بوون
مامە داوێن پیسەکان،
باوکە گەمژەکان،
برا دەست و پێ و عەقڵ سپییەکان،
مێردە ناشیرینە خەسیوەکان
پیاوە مەکبووتە تیزابپەڕێنەکان...

هەر ئەوان بوون
پیاوە باوەش گەرمەکان،
پیاوە دڕندە گوناحەکان..
رایدە لەسەر کڕینی ماکسییەک.
مەهاباد لەسەر چوونە بازاڕێک.
شیلان لەسەر جامێ ئاو.
تەورێز لە تاو شەق و تێهەڵدان.
بەفرین لەسەر ماچێک
(پەیمان)یش بە گوللەیەکی وێڵی شەڕی براکوژی.

## تەسلیمبوون

نیوەڕۆیەکی باراناوی
نم.. نم
پیاوێک
پێی ڕاستی
دەنێتە ماڵی خەونەکانم
ئەو
سێبەرێکی تاریک
لە ژێر چەترێکی ڕەش
گوڵێک لە پرچی حەزەکانم دەدا
خەونەکانم دادەپۆشێ و
خۆی لە مندا دەڕوێنێت:
من شین دەبم
دەبمە خەونی منداڵێک
ئەو منداڵەی حەز لە یاریی سەر هەور دەکات
حەزم دەچێتە سمێڵی ئەو

بەیانییەکی پەمەیی
ئەو
دوو هەنگاوی تاریک
دوو چاوی یەکجار رووناک
دێتەوەماڵی خەونەکانم
من دەبمە خەونی قارچک
حەزم دەچێتە تەڕوتووشیی بن باڵی ئەو
ئەویش تەماعی دەنکە خۆخێک دەخزێنێتە ناو دڵمەوە
خەونەکانم وەک کۆلارە
بەرز دەبنەوە و دواتر
لە چاوان بزر
خەونەکانم دەسپێرمە تاڵێک زەردەپەڕ:
ئەو نیوەڕۆیەی پیاوێک
بەدەستی راستی
خەونەکانم دەفڕێنێت
خۆخێک دەخاتە ناو دەستمەوە و
خۆی لە ناو خەونەکانمدا دەڕوێنێت:
من شین دەبم.

## سەفەری نۆ مانگ

خۆی خزاندە ناو قەرەباڵغییەکە
بە ناو پێچ و پەنادا
رێگەی گرتە بەر
بێ ئەوەی بیر بکاتەوە ئەو ڕێگەیە بەرەو کوێ
پێش ئەوەی بزانێت کەوتووەتە چ بۆسەیەک
کار لە کار ترازا:
لەدایک بوو.

## کابووس

ئەم ئێوارەیەش
لە ڕێگەی چوونەوەمدا
دیسان پیرەژنەکەی دراوسێمان
چاو پڕ لە مەکر
چەفیە پڕ تەماع
ڕێگەم پێ دەگرێت
بەوێنەی ئەو پیرەژنانەی دەبوونە میوانێکی ئێسکگرانی خەونەکانی منداڵیم
وەک مار لە بەژنم لوول دەدات شەیتانەکانی
نینۆکم دەکاتە "مەعبەدی شەیتان"
قژم بە "تۆڕی زینا"
ئاوی دەستم بە "گۆشتی سەگئاسا حەرام"
دەنگیشم " نامەحرەم"

## جوانترین

تۆ چەند جوانی
کاتێک لە باڵا و سینە و
نیگای کچێکەوە
شیعرێک دەخوڵقێنی!
تۆ چەند زانای
ئەو کاتانەی لە کۆڕێکدا
یان بەرامبەر ژنێکی جوان
باس لە مافی ئافرەت و
مافی ئازادیی ئاو دەکەی!
تۆ چەند بەرزی
ئەو کاتانەی لە فیستیڤاڵێک
یان لە سەنتەرێکی گەنجان
بەسەر ئازادیی دەربڕین و
سەربەخۆییدا هەڵدەدەی!
تۆ چەنێک جوانیت،

چەنێک زانا،

چەنێک بەرز!

کەچی ئەو ڕۆژەی کچۆڵەکەت دەکەوێتە عەشقەوە:

تۆ

چەند درۆزنیت

چەنێکیش..

"گوناح.

## مەدام سیمۆنا

مەدام سیمۆنا بەپانتۆڵێکی کەتان و تیشێرتێکی سپییەوە گەیشتە کوردستان

حکوومەت بەپێی خۆی و بە ئۆتۆمۆبێلێکی فوول ئۆتۆماتیک گەیشتە پێشوازی.

حکوومەت بەدەستی خۆی جانتاکانی مەدام سیمۆنا دەخاتە ناو ئۆتۆمۆبێلەکەوە

حکوومەت دوو گەنجی کوردی قۆزی وەک پەڕەی گوڵ دەکاتە شوفێر بۆ مەدام سیمۆنا

حکوومەت دوو گەنجی کوردی کەشخەی وەک پەڕەی گوڵ دەکاتە وەرگێڕ بۆ مەدام سیمۆنا

حکوومەت لە باشترین ئوتێل مەدام سیمۆنا دەعوەت دەکات

حکوومەت باشترین خزمەت و خواردن و خواردنەوە بۆ مەدام سیمۆنا دابین دەکات

هەموو داوودەزگاکانی راگەیاندن دەستەودامێنی مەدام سیمۆنا دەبن بۆ چاوپێکەوتنێک کە نایکات

حکوومەت بەدەنگێکی قەڵەو دەفەرمووێ:

"مەدام سیمۆنا خزمەتی کورد دەکات"

مەدام سیمۆنا دەبێتە میوانی من،

خواردنێکی کوردی بۆ مەدام سیمۆنا لێ دەنێم..

مەدام سیمۆنا لە تەنیشت منەوە بە ئینگلیزی لەگەڵ برادەرێکی خۆی گاڵتە بەعەقڵی کورد دەکات

باجی سورمێ توورەکەیەک بە شانیەوە،

بۆ قاڵبێ بەفر لە دەرگەی ماڵان دەپاڕێتەوە

باجی سورمێ،

هەژدە کەسی خێزانەکەیان بە کوڕ و کچ و زاوا و بووک و کچەزا و کوڕەزاوە،

ئەنفال کراون

باجی سورمێ، کاتێک حەکایەتی ئەنفالی گێڕایەوە

حزبێکی کوردی گوێی ڕاکێشا.

باجی سورمێ، درکی بەوە کردووە کە نانکردن نەبێت هیچ شتێک لە برسێتی ڕزگاری ناکات

مەدام سیمۆنا بە قێز و بێزەوە خواردنێکی کوردی دەخوات
باجی سورمێش وەختە باڵ بگرێ لە خۆشییان کە پاشماوەکەی دەباتەوە بۆ کچە بێوەژنەکەی

حکوومەت دەفەرمووێ: ئاگاتان لەو ژنە بێت گەرمایە نەوەک ببوورێتەوە،
"حکوومەت مەبەستی مەدام سیمۆنایە".

مەدام سیمۆنا
هەموو دنیا گەڕاوە و بە ئاخیری عومریشی کوردستانی بیر کەوتووەتەوە
باجی سورمێ
لە گوندێکی نزیک چەمچەماڵ لە داباریني بارانی مەرگی ئەنفال جاشێک بەزەیی بە خۆی و کچە دووگیانەکەیدا هاتبووەوە و سواری پشتی پیکابێکی کردبوو.

مەدام سیمۆنا، بەلای کەمی، لە باوەشی هەژدە پیاودا گەرمی بووەتەوە
باجی سورمێ،
یەک مێردی هەبووە ئەویش لە ئەنفالەکە لێی بزر بووە

ئەگەر کچە بچکۆلەکەم بوو بەوەزیری خارجییە

یان کوڕە کۆرپەکەم بوو بەوەزیری مرۆڤایەتی
پێیان دەڵێم:
پارەی مانەوەی یەک هەفتەی مەدام سیمۆنا خانوویەکی تێدا دەبێت کەسوکار ئەنفالکراوێکی وەک باجی سورمێ بحەوێنێتەوە.
پێیان دەڵێم:
پارەی ژەمێ دەعوەتی مەدام سیمۆنا سەلاجە شکاوەکەی باجی سورمێ چاک دەکاتەوە کە هەشت ساڵە بۆی چاک نەکراوەتەوە
پێیان دەڵێم:
موبەریدەیەک، ژوورێکی قوڕ
بۆ باجی سورمێ دابین بکەن.

مەدام سیمۆنا پێش گەڕانەوەی بەگەرمییەوە تەوقەی کرد و وتی:
"زۆر گەشبینم بەرامبەر ئەم ئەزموونەی کورد"
باجی سورمێ توورەکە بەفرەکەی دا بە شانیا و وتی:
"ئەگگە سەریان بەقوڕا چێت بۆ خۆیان و پاداشتیان".

# خەنجەر

دیسان شیعر!
زمانی لاوازی و دەستەوسانی
دیسان شیعر
زمانی بێ دەسەڵاتی و فینگەفینگ
منم ژن
منم زێڕەوشانترین ئیلهامێک
خواوەندەکان لە ساتێکی مەستیدا لێیان کەوتە خوارەوە
کەوتمە بەر دەست و پێی دنیایەکی پۆخڵ
منم
جوانترین و

غەدر لێکراوترین فریشتە
کە لەم دنیا پڕاوپڕ جوانییەی خۆمدا تەنیا شیعرم پێ ماوە
قێز دەکەمەوە کاتێک
لە جیاتی هاوار
هۆڕەی تەنیایی بژەنم
لە جیاتی تووڕەبوون
تنۆک تنۆک ملوانکەی پەشیمانی بهۆنمەوە
لە جیاتی بەرگریکردن لە جەستە و هەناسە و خودی خۆم
دێم لەسەر کیبۆردەکەم، کرم کرم
کرمی شیعر دەکرمێنم.
ڕقم لەم شیعرەیە بە وێنەی بوونم لێڵ و تێکشکاو
بەوێنەی تێکشکانیشم
زەلیل.

# زریزەی زارا

دایکمم لەدەست دا و ڕێگەی ماڵەوەم بزر کرد

لە ڕێگەی نێوان منداڵی و سەرەتاکانی "دارا کە دوو داری دیت"

"زارای کە وازی بە زریزەی زیو دەکرد"

بەردەکانی هەڵماقۆم بەوێنەی ژنایەتییەکی کوێر لێ کەوتنە خوارەوە،

بەردەکان، بە ڕەنگە شۆخ و شەنگەکانیان

بە لەنجەی ئەو هێلانەی کە کێشانیان

دەهرێکی دوورتری لە ژمارەکانی ناو دەفتەرە چکۆلانەکەی بیرکاریم دەویست

هەر پێنج بەردەکە بەربوونەوە

یەک لە دوای یەک

بەردێک

دوو

سێ

چوار

پێنج بەرد

لەگەڵ بەربوونەوەیاندا بۆ تاهەتایە جیهانە سەوزە چکۆلانەکەم داخرا.

بەسەر پاشماوەکانی منداڵیدا، بەرەو قوتابخانەی ئامادەیی
وەک شازادەیەکی ئەسیرکراو،
بووکەڵە چاوگەشەکەم و مووررووە ڕەنگاوڕەنگەکان و گەمە سپییەکانم سپاردنە دەست حورمەت و ئاقڵبوون.
خۆم دایە دەست ژمارەکان و شیکردنەوە زانستییە بێ کەڵکەکان و کیمیا و ئەحمەد عورابی.

لە بنارەکانی دوو دەنکە هەناری کەمنم
درۆودەلەسەکانی سیاسەت و قانوون زەفەریان پێ بردم
پێوانەکانی جوگرافیا سەرنجیان ڕاکێشام
کەوتمە یەکەمین عەشقەوە: ناپۆلیۆن!!

ڕێگەیەک

سـالآنی پشکووتن و ئـازاری باڵقبـوون و وردەکـارییـە بیّ مـاناکـانی ژنایەتی پێچوو پێش کوژانەوە.

ئەمرِۆش ئەمەتا
لە دوورِیانی مانەوە و کۆچ،
بوون و مردن
دیوارەکان و ئاسمان
خۆم بینییەوە بە چاوتررووکانێک
لە کۆتاییەکانی ڕێگەکەدا
گەمە بە کۆت و زنجیرەکانم دەکەم
وەک شاژنێک گەمە بە زێڕ و خرِخاڵەکانی بکا
وەک ئەو زارایەی، وازی بە زریزە زیوەکانی.
بوومە خێوی ژنێک کە خوم نیم.

کوردستان زستانی ٢٠٠٩

# ماسی

پیرەژن هەمیشە
لە هەوڵی ئەوەدایە بمکاتە قوربانی
بە وێنەی بزنەکەی ئۆدیسیۆس
تا شەفاعەتی لەو دنیا بۆ بکەم،
تاقە هیوایەکی ئەو منم
لە پردی سیرات بیپەڕێنمەوە

ئەم ئێوارەیە لە مەوعیزە دووڕووەکانی حاجی ژن و
گوێچکەڵە درۆزنەکانم بێزارم
لە تامەزرۆییم بۆ شیلەی لوقمەقازییە عەیارەکانی سەر عەرەبانەکان
قووتدانەوەی لیکەکانم...

له قەڵەمە بە حورمەتەکەم
لە لەشە بە جوانی خۆی شەرمەزارەکەم
لە بەژنە تاوانبار بە دارچنارەکەم
لە تاوانباربوونم بە خۆم
لەو کراسانەی تەلقینم دەدەن
بێزارتر لەو قەیرەکچانەی رۆژەکانی هەفتەیان بەسەردا تێ دەپەڕێت و
هەموو ساتەکانیان وەک دەنکی تەسبیحێکی کۆن
یەک لە دوای یەک تێ دەپەڕن و هیچی تر.

## دڵپیسی

ئەو، بۆ سبەی
میوەیەکە لە سەبەتەیەکی سارد
وەک سێوی قەیرەی سپی
بەرەو تێرکردنی حەزی ڕۆژێکی ڕەش،
من... ئەمرۆ.
من.. تاهەتایە.
من!
خۆ ئەگەر منیش نا
ئەو
قەیرەیەکی سپی بۆ رۆژێکی ڕەش
خێوی سپی بۆ رۆژی ڕەش.
من ئەگەر منیش نا... ئەو
تۆ هەبیت یاخود نەبیت.. ئەمەیە مەهزەلەکە!

# نهێنییەکانی ژنایەتی

بەڕێڕەوی منداڵیدا
لە ژێر سێبەری ماڵە باجێنە
لە مەمکی خۆم
شیر دەدەمە بووکەڵەکەم.

لە کۆڵانە پێچاوپێچەکانی باڵقبوونەوە
خەون بە پیاوێکەوە دەبینم
پیاوێکی سپی لەسەر ئەسپێک کە ڕەنگەکەیم بیر چووەتەوە
پیاوێک
بێت و
خەونەکانم لە ئامێزی ئەودا چەکەرە بکەن.

بە جادە تەسک و تیژەکانی گەنجێتیدا
لە دەروازەی گسکەوە
بە تەنیشت کەف
لەبەر ئاوێنەی سووراو
لە پەنجەرەی نیگا هەورەتریشقەکان
گەورەتر دەبم و
پیاوێک دێت
پیاوێک دەمکاتە باوەش.

له ژێر کەناری ڕووسپێتیدا
شانبەشانی ژنایەتی
بەڕێگە تەڕ و مچوڕکە ئامێزەکانی ماچدا
چاوەڕوانی منداڵ دەکەم
منداڵێک وەک بووکەڵەکەم
کچۆڵەیەک دێت.

بە ڕێڕەوی گسک
لە تاریکاییی ماچ
لە بەرسێبەری تەنیایی
لە ژوورسەری ئەلبوومەکان
چاوەڕێی کوڕ دەکەم
لە چاوەڕوانیی کوڕێکدا
ئەو کوڕەی بەر لە هاتنی
وەک مووروووەکانی منداڵیم
چوار دەنکە کچ بەر لەئەو دێن.

له گۆڕەپانی ساردوسڕی پیرێتی
پێ بەپێی خشەی خاوی گسک
لە مۆریانێی دەنکە حەبە سەوز و سوورەکاندا
ئەو حەبانەی نەهەڵماقۆ و
نەمۆریانێ چیتر ئاوڕیان لێ نادەنەوە
لە ناو زاکیرەی ماچدا
لە پشت هیواکانەوە
من تاق و تەنیا
بیر لەو کچە دەکەمەوە ماڵە باجێنەی دەکرد و نایناسمەوە!

## شیعری ئەلکترۆنی

١ - ٢٠ - ٨ - ١٣- ٣٦ - ١٥ - ١٢ - ٢ - ٥ - ٢٢ -٣ -٣١ -

شەهوەت، جەرگ، مەودا، زەمەن، جیاوازی، بەراورد، کۆچ، پاسوۆرد، زەواج، چێشتخانەی سەفین، خەون، لەبارچوون.

## شـەونوێژ

ئەی خودا
چەترێک
بە ئەندازەی.... من و
دوو لاسکەگیای سەرمابردەڵە
چەترێک
باران بێت و
نم
نم
سەبووری و سێبەر و سوکنایی
بەسەر تەنیاییمدا.
چەترێکی شین
بە تەنکاییی پەلکەزێڕینە
تیشکێک لە نێوان
من و چاوەکانی تۆ
بە ئەندازەی خۆم
نەگەورەتر و نەبچووکتر
وەک جینزێکی لۆکە
باوەش بەتەنیا مندا
چەترێک
بۆ تەنیا من و دوو لاسکەگیای سەرمابردەڵە!